گوڵان

سیاسی



# شۆڕشی ئەیلوول

## ئیرادەی نەتەوەیەکی تووڕە

**شۆڕش کاتێک هەڵدەگیرسێت کە دەوڵەت دەستوور و یاساکانی خۆی بێمانا دەکات و نەتەوە ناچار دەبێت بە یاساکانی ئاسمان وەڵامی بداتەوە**

**یەکێک لە سیفەتە جوانەکانی مستەفا بارزانی بۆ لێبوردەیی نێوان پێکهاتەکان، یان لایەنە سیاسییەکانیش، ئەوە بووە کە لێبوردەیی لای مستەفا بارزانی یەک مانای هەبووە، ئەویش ئەوەیە «منیش بەشێکم لە هەڵەکە»، ئەمەش واتە ئەگەر هەڵەیەک روویدابێت، ئەوا لێبوردەیی ئەو کاتە دروست دەبێت کە کام لایەن پێشتر دەڵێت: «منیش بەشێک بووم لە هەڵەکە.»**

**هیگل شۆڕشی فەرەنسای ناو لێنا: «کۆتایی مێژوو»، ئەمەش بەو مانایەی ئەو سیستەمە تازەیەی دوای شۆڕشی فەرەنسا لەسەر ئاسەواری رژێمە کۆنەکە دادەمەزرێت، ئەو توانایەی دەبێت کە بتوانێت ئازادییەکان رێکبخات**

**ئەگەر رژێمی عەبدولکەریم قاسم لە دەستووری کاتی ساڵی ١٩٥٨ پەشێمان نەبوایەتەوە کە دەستوورەکە راشکاوانە دەڵێت: (عێراق نیشتمانی هاوبەشی کوردو عەرەبە)، ئەوا گەلی کوردستان پێویستی بەوە نەدەبوو کە شۆڕش بەرپا بکات**

لە ساڵانی کۆتایی سەدەی رابردوودا لە دیمانەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە فرانسۆ زاڤی لۆڤا، رۆژنامەنووس و فۆتۆگرافەری بەناوبانگی فەرەنسیم پرسی: جیاوازیی نێوان شۆڕشی فەرەنسا و شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان چییە؟ لە وەڵامدا پێی گوتم: «شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕشێکی بۆرژوازی بوو، شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێکی رزگاریخوازی بوو، ئامانجی رزگارکردنی نەتەوەیەك بوو لە کۆیلایەتی.»

بۆ ئەم رۆژنامەنووسە بەناوبانگە هەردوو شۆڕشی (فەرەنسا و ئەیلوول) جێگەی شانازی بوون، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسا ئەو خۆی فەرەنسییە و شانازی بە شۆڕشی فەرەنساوە دەکات، سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوولیش یەکێك بووە لەو رۆژنامەنووسانەی کە بە هاوێنەی کامێراکەی و بە پێنووسەکەی دەنگوباس و وێنەی ئەو شۆڕشەی بە رێگەی میدیاکانەوە بە جیهان ناساندووە.

زیرەکیی لۆڤا لە جیاکردنەوەی شۆڕشی ئەیلوول لە شۆڕشی فەرەنسا لەو خاڵەدا خۆی بەرجەستە دەکات، کە شۆڕشی فەرەنسا بۆ ئەوە هەڵنەگیرسا کە نەتەوەی فەرەنسی لە چنگی نەتەوەیەکی دیکە، یان رژێمێکی دەرەکی رزگاربکات، بەڵکو ئامانجی شۆڕشەکە رووخاندنی سیستمێکی کۆن و دامەزراندنی سیستمێکی تازە بوو، بۆ ئەوەی بتوانێت ئازادییەکان رێکبخات و نەتەوەکان لە برسێتی رزگاربکات، هەر بۆیە هیگل شۆڕشی فەرەنسای ناو لێنا: «کۆتایی مێژوو»، ئەمەش بەو مانایەی ئەو سیستەمە تازەیەی دوای شۆڕشی فەرەنسا لەسەر ئاسەواری رژێمە کۆنەکە دادەمەزرێت، ئەو توانایەی دەبێت کە بتوانێت ئازادییەکان رێکبخات، بەڵام بەداخەوە ئەوەی لەو سەردەمە لە شۆڕشی فەرەنسا چاوەڕێ دەکرا، ئاکامی بەوجۆرە نەبوو.

بەڵام سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوول کە دیسان لۆڤا لە نزیکەوە لەگەڵ سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندی و تێکەڵاوی هەبووە، لەوە تێگەیشتووە ئەگەر رژێمی عەبدولکەریم قاسم لە دەستووری کاتی ساڵی ١٩٥٨ پەشێمان نەبوایەتەوە کە دەستوورەکە راشکاوانە دەڵێت: (عێراق نیشتمانی هاوبەشی کوردو عەرەبە)، ئەوا گەلی کوردستان پێویستی بەوە نەدەبوو کە شۆڕش بەرپا بکات، ئەمەش دەقاودەق هاوتای ئەو بۆچوونەی هانا ئارێنتە کە لە کتێبی (لە شۆڕشدا) دەڵێت: «بەپێی تیۆری سیاسەت حکومەتی سەرکوتکار ئەو حکومەتەیە کە دەستبەرداری دەستوور دەبێت بۆ هەڵسووڕاندنی کارەکانی بەمەش ئەو ئازادییانەی کە حکومەت لێی تێدەگات، شێوازێکی نەرێنی وەردەگرن و سەرەنجامیش شۆڕش بەرپا دەبێت.»

کەواتە ئەم بۆچوونە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە شۆڕشی رزگاریخوازی ئەو کاتە هەڵدەگیرسێت کە حکومەتەکان خۆیان دەستبەرداری ئەو یاسا و دەستوورانە دەبن کە پێشتر خۆیان دایانرشتووە و ئیمزایان لەسەر کردووە، هەر بۆیە ئەگەر هۆکاری سەرەکی بۆ شۆڕشی ئەمریکا، پێشێلکردن و رەتکردنەوەی ئەو یاسایە بێت لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە دژی ئەمریکییەکان کە دەڵێت: بەبێ نوێنەرایەتی باجدان بوونی نییە، ئەوا هۆکاری سەرەکیی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستانیش، پێشێلکردن و رەتکردنەوەی ئەو ماددە دەستوورییە بووە کە لەلایەن حکومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە کە خۆی پێشتر دانی بەو دەستوورەدا ناوە و دەڵێت: (عێراق نیشتمانی هاوبەشی کوردو عەرەبە).

## ● کاتێك دەوڵەت لە دەستوور و یاساکانی خۆی یاخی دەبێت تەنیا بە شۆڕش دەتوانرێت وەڵام بدرێتەوە

فەرەنسا و بەریتانیا وەك دوو دەوڵەتی براوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، هەر خۆیان بەردی بناخەی کۆمەڵەی گەلانی و ئیمزایان لەسەر ١٤ خاڵەکەی وۆرد ویلسۆن کردووە کە لەسەر پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان و ئەو ١٤ خاڵەی ویلسۆن ئەو وڵاتانە لە چوارچێوەی حوکمرانیی ماندێت بەرێوەبەرن، کە لە ئاکامی شەڕەکە داگیریان کردوون. ئەمەش بەو مانایەی ئەو دەوڵەتانەی دروستیان کردوون، نابنە بەشێك لە خاکی فەرەنسا یان بەریتانیا، بەڵکو فەرەنسا و بەریتانیا بۆ ماوەیەك هاریکاریان دەبن، تا دەگەنە ئەو ئاستەی خۆیان حوکمرانیی خۆیان بکەن، پاشان دەبنە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

بەریتانیا کاتێك باشووری کوردستانی بە عێراقەوە لکاند، لەسەر ئەو بنەمایە بوو، دوای ئەوەی حوکمڕانیی ماندێت کۆتایی دێت، ڕاپرسی لەناو گەلی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەوەی ئایا دەیانەوێت ببنە بەشێك لە عێراق، یان دەیانەوێت سەربەخۆ بن. بەڵام بەداخەوە بەریتانیا لە بەڵێنەکانی خۆی بەرامبەر گەلی کوردستان یاخی بوو، بە بێ ڕاپرسی و ڕەزامەندیی خەڵکی کوردستان پشتگیری عێراقی بەم نەخشەیەی ئێستایەوە کرد، بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و هیچ حیسابێکی بۆ مافەکانی گەلی کوردستان نەکرد، هەر بۆیە لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ خەڵکی قارەمانی شاری سلێمانی هەڵیان کوتایە سەر سەرای سلێمانی و لە ئاکامدا شەڕە بەناوبانگەکەی (بەردەرکی سەرا) ڕوویدا، کە تیایدا چەندین کەس شەهید بوون و چەندینی دیکەش بریندار کران.

لەدوای شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە ١٩٣٠، دوو شۆڕشی دیکە دژی ڕژێمی پادشایەتی عێراق بەرپاکراون، کە ئەوانیش (شۆڕشەکانی یەکەم و دووەمی بارزان) بوون.

شۆڕشەکانی بارزان لەگەڵ ئەوەی لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان بەرپاکراون، بەڵام شۆڕشی نیشتمانی و سەرتاسەری بوون، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە بە نزیکەی ٣٠ساڵ پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، شێخەکانی بارزان کاراکتەری دیاری ناو شۆڕشەکانی کوردستان بوون و ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووەو هەر لەم پێناوەشدا شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لەسێدارە دراوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج لە تەواوی شۆڕشی نەتەوەکانی جیهان بدەین، دەبینین هەموو شۆڕشەکانی لە ئاکامی یاخیبوونی دەوڵەت، یان دەوڵەتی داگیرکاری ئەو نەتەوەیە بووە، بە پلەی یەکەم لەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی کە کۆمەڵەی گەلان و نەتەوەیەکگرتووەکانی لەسەر دامەزراوە، یان یاخیبوونی خودی دەوڵەتەکە بووە لەو یاساو دەستوورەی کە خۆی پەسەندی کردووە، لێرەوە وەك نموونە ئاماژە بە هەندێك لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەکان دەکەین:

١- شۆڕشی ئەمریکا ساڵی ١٧٧٦، هۆکاری سەرەکیی بەرپابوونی ئەم شۆڕشە یاخیبوونی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیایە لەو یاسا و پرانسیپانەی کە حکومەتی بەریتانیای لەسەر بەڕێوەدەچوو، ئەو پرانسیپەش ئەوەیە کە (باجدان بە بێ نوێنەرایەتی بوونی نییە)، هەر ئەمەش دروشمی شۆڕشی ئەمریکا بوو، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا حوکمڕانیی ئەمریکای بدایەتەوە بە دەستی ئەمریکییەکان و خۆیان خاوەنی پەرلەمانی خۆیان بوونایە، ئەوا ئەو شۆڕشە هەڵنەدەگیرسا.

٢- شۆڕشی هیندستان، ئەم شۆڕشەش هەر لەدژی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا دەستی پێکرد، بەریتانیا لەبەرامبەر نیمچە کیشوەری هیندستاندا (هیندستان و بەنگلادیش و پاکستانی ئێستا)، تەنیا لە بنەماکانی حکومەتی مەدەنی یاخی نەببوو، بەڵکو لەیاسای مەگنەکارتاش یاخی بوو، کە تەواوی خەڵکی نیمچە کیشوەری هیندستانی وەك مرۆڤ و هاوشانی بەرتیانییەکان لە قەڵەم نەدەدا. مەهاتما گاندی باوکی ڕۆحیی هیندستانییەکان لە شەمەندەفەڕ فڕێ درایە خوارەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی لە فارگۆنی سپی پێستەکان دانیشتبوو، هەر بۆیە گاندی گەڕایەوە بۆ یاساکانی ئاسمان و بڕیاری دا، نەك هەر یاساکانی بەریتانیا ڕەتبکاتەوە، بەڵکو نابێت هیندستانییەکان هیچ کەلوپەلێکی بەریتانی بکڕن و وەك دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ بەریتانیا بکەن.

٣- شۆڕشی لیبیا دژی داگیرکاری ئیتاڵیای سەردەمی فاشی، حکومەتی فاشیی ئیتاڵیا نەك هەر هەموو پرانسیپە نێودەوڵەتییەکانی لە پەیماننامەی پەنسلفانیاوە پێشێل کردبوو، بەڵکو دەیویست خۆی یاسایەك دابنێت و بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا فەرزی بکات، هەر بۆیە حکومەتی فاشی ڕازی نەدەبوو خەڵکی لیبیا بە خۆیان بڵێن ئێمە خەڵکی ئەم خاکەین و ئیتاڵی نین، بۆیە عومەری موختار ناچار بوو بە یاسای ئاسمان مامەڵە لەگەڵ ئیتاڵیا بکات و شۆڕش لە دژی ئیتالیای فاشی بەرپا بکات، موختار لەگەڵ ئەوەی شۆڕشەکەی سەرکەتوو نەبوو و سەرەنجام لە سێدارە درا،

**شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەو کاتە هەڵدەگیرسێت کە حکومەتەکان خۆیان دەستبەرداری ئەو یاسا و دەستوورانە دەبن کە پێشتر خۆیان دایانڕشتووە و ئیمزایان لەسەر کردووە**

**شۆڕشەکانی بارزان لەگەڵ ئەوەی لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان بەرپاکراون، بەڵام شۆڕشی نیشتمانی و سەرتاسەری بوون، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە بە نزیکەی ٣٠ ساڵ پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، شێخەکانی بارزان کاراکتەری دیاری ناو شۆڕشەکانی کوردستان بوون و ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووەو هەر لەم پێناوەشدا شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لەسێدارە دراوە**

**شۆڕشەکانی کوردستان هەر لە سەردەمی شۆڕشەکانی دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی تا دەگاتە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، هەر هەموویان شۆڕش بوون دژی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسا و دەستوورەکانی خۆیان یاخیبوون**

**گەورەیی شۆڕشی ئەیلوول ئەوەیە، ئەم شۆڕشە چوارچێوەیەکی بۆ ئامانجە سیاسیەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان دروستکرد**

**لە دوای راپەڕین و کۆڕەویش ساڵی ١٩٩١ کە شاندی بەرەی کوردستانی دووبارە لەگەڵ حکومەتی بەعس دەستی کردەوە بە گفتوگۆ، دیسان بەرنامەی بەرەی کوردستانی کۆپییەکی رێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بوو**

**رێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، پرۆژەیەکە کە سنووری جوگرافی و مێژوویی کوردستان دیاری دەکات، ئەم بڕگەیە بە دەق بڕگەی ( ٥٨)ی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە لەماوەی ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥و بە دەق ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقە کە دەبوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرایە**

بەڵام بە یاسای ئاسمان وەڵامی ئیتاڵییەکانی دایەوە و پێی گوتن: «خوا ئێمەی بە ئیتاڵی دروست نەکردووە و ئێوەش ناتوانن ئێمە بکەن بە ئیتاڵی.»

٤- شۆڕشی جەزائیر دژی فەڕەنسا، شۆڕشی جەزائیر لە ساڵی ١٩٥٦ کە پێشی دەگوترێت شۆڕشی (یەك ملیۆن شەهید) لە دژی کۆماری چوارەمی فەڕەنسا بەرپا کرا، ئەوکات حزبە سیاسییەکانی فەڕەنسا خۆیان بە هەڵگری ئاڵای دیموکراتی و داکۆکیکار لە سیستمی پەرلەمانی پیشان دەدا، بەڵام لەبەرامبەر داخوازییەکانی خەڵکی جەزائیر بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی فەڕەنسا، جەزائیریان خەڵتانی خوێن کرد، ئەم رەفتارانە لەسەر دەستی خەڵکانێك دژی جەزائیر ئەنجامدراوە کە خۆیان بە میراتگری شۆڕشی فەڕەنسا و میراتگری بەیاننامەی مافی هاوولاتیبوون دەزانن و دەستوورەکەشیان بە دەستووری شۆڕشی فەڕەنسا دەزانن، بەڵام لە هەموو ئەمانە یاخیبوون، بۆیە جەزائیرییەکان بە یاساکانی ئاسمان مامەڵەیان لەگەڵ کۆماری چوارەمی فەڕەنسا کرد و پێیان گوتن: جەزائیر بەشێك نییە لە فەڕەنسا و سەرەنجامیش هەر ئەوان سەرکەوتن.

٥- شۆڕشەکانی کوردستان هەر لە سەردەمی شۆڕشەکانی دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی تا دەگاتە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، هەر هەموویان شۆڕش بوون دژی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسا و دەستوورەکانی خۆیان یاخیبوون، بۆ نموونە عوسمانییەکان کە لەچوارچێوەی خەلافەتی ئیسلامیدا حوکمڕانی بەشێکی کوردستانیان کردووە، خۆیان لە بنەماکانی خەلافەتی راشد، یاخی بوون و وەك خەلافەتێکی راشد مامەڵەیان لەگەڵ گەلی کوردستان نەکردووە، بۆیە بەردەوام گەلی کوردستان ناچار بووە بە یاساکانی ئاسمان (کە قورئانیش هەر یاسای ئاسمانە) و بە رێگەی شێخانی تەریقەت و زانایانی ئیسلامی کوردستانەوە مامەڵە لەگەڵ خەلافەتی عوسمانی بکەن، باشە ئەگەر خەلافەتی عوسمانی بانگەشە بۆ خەلافەتێکی راشدی ئیسلامی دەکات و، وەك خەلافەتێکی راشد مامەڵەی لەگەڵ کوردستان بکردایە، بۆچی کورد ناچار دەبوو پەنا بۆ شۆڕش بەرێت؟ بەڵام لەبەر ئەوەی خەلافەتی عوسمانی خۆی پێش هەرلایەنێکی دیکە لەو یاسا و دەستوورە یاخی بوو کە خەلافەتی راشدی لەسەر بەڕێوەدەچێت، بۆیە کوردیش ناچار بوو بە یاسای ئاسمان و بە شۆڕش وەڵامی بداتەوە. دیارە ئەمە بۆ بەشەکەی دیکەی کوردستان لە ژێر حوکمڕانیی سەفەوییەکانیش راستە، لەبەر ئەوەی ئەوان جیا لەوەی خۆیان بە موسڵمان دەزانن، بەڵام بانگەشە بۆ (دادپەروەریی حوسێن) یش دەکەن، کە دادپەوەریی حوسێن دەبێت لە خەلافەتی راشدیش گەورەتر بێت، بەڵام ئەوان خۆیان پێش هەر لایەکی دیکە لە (دادپەروەری حوسێن ) یاخیبوون، بۆیە کوردی ئەو بەشەش بە یاسای ئاسمان و بە هەڵگیرسانی شۆڕش وەڵامی سەفەوییەکانیان داوەتەوە.

٦- جیاوازیی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ تەواوی شۆڕشی نەتەوەکانی جیهان ئەوەیە، کە ئەم شۆڕشە لەدوای ئەوە هەڵگیرسا کە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لە دەستوورە کاتییەکەی ساڵی١٩٥٨دا دانی بەوەدا نا، کە خاکی کوردستان خاکی گەلی کوردستانەو راستە بەشێکە لە عێراق، بەڵام عێراق نیشتمانێکی هاوبەشە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا گەلی کوردستان چۆن پێشوازی لەم هەنگاوە کردووە و چۆن پشتگیری حکومەتەکەی قاسمی لە ساڵانی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ کردووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەدەینەوە و دەڵێین: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئاماری تۆماری لەدایکبوون لە ساڵی ١٩٥٨ تا ئێستا، دەبینین زۆرترین ناوی (کەریم یان عەبدولکەریم) ناوی ئەو هاوولاتییانەی کوردستانە کە لە ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٥٩ لەدایك بوون، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان لە خۆشەویستیی عەبدولکەریم قاسم ناوی (کەریم یان عەبدولکەریم)یان بۆ منداڵە کورەکانیان هەڵدەبژارد. ئەمە جوانترین وەڵامە بۆ پێشوازی و پشتگیری خەڵکی کوردستان لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، بەڵام کاتێك قاسم خۆی لە دەستوورەکەی خۆی یاخی دەبێت و ئەو دەستوورە نامێنێت کە کورد بتوانێت مامەڵە

لەگەڵ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بکات، ئەوا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ کورد ناچار بوو بە یاسای ئاسمان مامەڵە لەگەڵ حکومەتی قاسم بکات و پێی ڕاگەیاند، کوردستان نابێتە بەشێك لە عێراقی عرووبە، بەڵام دەکرێت عێراق نیشمانی هاوبەشی کورد و عەرەب بێت.

**● شۆڕشی ئەیلول لە نێوان خەباتی چەکداری و ئامانجە سیاسییە نیشتمانییەکاندا**

گەورەیی شۆڕشی ئەیلول ئەوەیە، ئەم شۆڕشە چوارچێوەیەکی بۆ ئامانجە سیاسییەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان دروستکرد، بۆیە وێڕای ئەوەی ئەم شۆڕشە لە چوارچێوەی پیلانێکی نێودەڵەتی نسکۆی بەسەردا هات و، دوای ئەویش شێوازی خەباتی چەکداریی شاخ گۆڕانکاری بەسەردا هات و، چەند ناوێکی دیکە لە بری شۆڕشی ئەیلول بۆ خەباتی چەکداری دوای ساڵی ١٩٧٥ داتاشران، وەك (شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز و شۆڕشی نوێ و شۆڕشی عێراق و.. هتد)، بەڵام ناوەڕۆکی داواکاری لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بە هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی (بەرەی جود)، هەروەها بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی (جوقد) و هەروەها دواتریش بە هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو (بەرەی کوردستانی) نەیانتوانیوە لەچوارچێوەی ئەو ئامانجە سیاسییە نیشتمانییانە بێنە دەرەوە کە شۆڕشی ئەیلول بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی دروستی کردبوو.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦- ١٩٨٦، حکومەتی بەعس هەوڵی لەگەڵ بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دابوو، بەتایبەتیش (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سۆشیالیست، پارتی دیموکراتی کوردستان) بۆ ئەوەی لە دەرەوەی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وتووێژ دەست پێ بکەنەوە، یان لە چوارچێوەی ئەو پرۆژە ئۆتۆنۆمییە وتووێژ بکەن کە ساڵی ١٩٧٤ یەکلایەنە حکومەتی بەعس ڕایگەیاند، بەڵام هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردستانی نەیتوانی لە دەرەوەی ڕێککەوتننامەی ئادار وتووێژ لەگەڵ حکومەتی بەعس بکات، تەنانەت لە ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٤ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لەگەڵ حکومەتی بەعس وتووێژی دەست پێ کرد، ئەگەر سەیری بەرنامە و داواکارییەکانی یەکێتی لەو ساڵانە بکەین، دەبینین لە ئامانجە سیاسییە نیشتمانییەکاندا کۆپییەکی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بووە، لە دوای ڕاپەڕین و کۆڕەویش ساڵی ١٩٩١ کە شاندی بەرەی کوردستانی دووبارە لەگەڵ حکومەتی بەعس دەستی کردەوە بە گفتوگۆ، دیسان بەرنامەی بەرەی کوردستانی کۆپییەکی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بوو، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣یش کە کورد بووەوە بە بەشێکی سەرەکی لە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق، ئەوا ئەگەر سەیری هەموو ئەو ماددە دەستوورییانە بکەین، کە پەیوەندی بە مافە سیاسییە نیشتمانییەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، ئەوا جیا لە گۆڕینی ناوی ئۆتۆنۆمی بۆ فیدراڵی، دەبینین تەواوی ئەو ماددە دەستوورییانە داوای دەکەین، ئامانجە سیاسییە نیشتمانییەکانمان گەرەنتی بکات، کۆپییەکی تەواوی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ی شۆڕشی مەزنی ئەیلولە.

ئەوجا ئەگەر سەیری شێوازی وتووێژی لایەنە کوردستانییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بکەین لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دەبینین بۆ ئەوانیش بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی ئەو بەشانەشەوە، دەبینین ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ نەخشەی ڕێگەیە بۆ داواکارییەکانیان لەگەڵ حکومەتە جیاوازەکانی خۆیاندا.

هەر بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئامانجە سیاسییە نیشتمانییەکان لەناو ڕێککەوتنی ئاداردا بکەین، دەبینین، ئەم ڕێککەوتنە، ڕێککەوتن نییە بۆ دابینکردنی مافی ئۆتۆنۆمی (حوکمی زاتی) بۆ گەلێك، یان نەتەوەیەك، هەروەها ئەمە ڕێککەوتنێك نییە بۆ ئەوەی حکومەتی ناوەندی چەند مافێك بە نەتەوەیەك، یان گەلێك بدات، بەڵکو ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠

**ڕێککەوتنی ئادار تەنیا ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و حزبی بەعس نییە، بەڵکو بەرهەمی هەموو ئەو ڕێککەوتن و دانوستانندنانەیە کە شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵانی ١٩٦٤ – ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەتە جیاوازەکانی عێراق کردوویەتی**

**بایەخدان بە مێژوو و زمان و کەلتووره جیاوازەکانی کوردستان و زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان، بەرهەمی شۆڕشی ئەیلوولە لە ڕێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا بە دیکۆمێنت کراوە**

**لە قۆناخی پێش دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولدا، بەشی هەرە زۆری ناوەکانی خەڵکی کوردستان کوردی، یان کوردستانی نین، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول دەبینین نەك هەر نەتەوەی کورد ناوی کۆرپەکانی بەناوی کوردی، یان کوردستانی ناو ناوە، دەبینین نەتەوەکانی دیکەش کۆرپەکانیان بە ناوی کوردستانی ناوناوە**

**لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی شۆڕشی ئەیلوولدا، بەوجۆرە پرسی پێشمەرگە چارەسەر کرابوو کە لە ژێر ناوی (پاسەوانی سنوور) هێزی پێشمەرگە وەک سوپای کوردستان بە هەموو پێکهاتە سەربازییەکانیەوە مابوونەوە، ئەم بڕگەیە دەقاودەق ئەو ماددە دەستوورییەیە کە پێشمەرگەی کردۆتە (پاسەوانی هەرێم) و مسعود بارزانی بەتەنیا داکۆکی لەسەر دەکات و هێندەی سەربەخۆیی کوردستان پێداگیری لەسەر دەکات**

پڕۆژەیەکی هاوبەشی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی دەسەڵاتداری عێراقە، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە نیشتمانێکی هاوبەش بۆ دوو نەتەوەی سەرەکی کە ( کوردو عەرەبە) سەرلەنوێ بونیاد بنرێتەوە. ڕێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، پڕۆژەیەکە کە سنووری جوگرافی و مێژوویی کوردستان دیاری دەکات، ئەم بڕگەیە بە دەق بڕگەی ( ٥٨)ی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە لەماوەی ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥و بە دەق ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقە کە دەبوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرایە.

بێگومان ڕێککەوتنی ئادار تەنیا ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و حزبی بەعس نییە، بەڵکو بەرهەمی هەموو ئەو ڕێککەوتن و دانوستاندنانەیە کە شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵانی ١٩٦٤ – ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەتە جیاوازەکانی عێراق کردوویەتی، بۆیە ئەگەر لەماوەی ئەو شەش ساڵەی پێش ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە، حکومەتەکانی عێراق هەنگاوێکی بچووکیشیان بەرامبەر کوردستان هەڵگرتبێت، ئەوانەش هەمووی بەرهەمی ئەو دانوستاندن و وتووێژانە بوون، کە بەردەوام لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و حکومەتە جیاوازەکان هەبوون، هەر بۆ نموونە: دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی یەکێکە لە داواکارییەکانی دانوستاندنی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا، هەروەها کردنی دهۆك بە لیوا، داواکارییەکی دیکەی دانوستاندنەکانی شۆڕشی ئەیلوولە، لەمەش زیاتر بایەخدان بە مێژوو و زمان و کەلتوورە



جیاوازەکانی کوردستان و زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان، بەرهەمی شۆڕشی ئەیلوولەو لە ڕێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا بە دیکۆمێنت کراوە.

سەبارەت بە خەباتکردن بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بایەخدان بە ناوی کوردی بۆ ئەو منداڵانەی لەدوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول لەدایکبوون، دەبینین لە قۆناخی پێش دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولدا، بەشی هەرە زۆری ناوەکانی خەڵکی کوردستان کوردی، یان کوردستانی نین، بەڵام لەگەڵ لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول دەبینین نەك هەر نەتەوەی کورد ناوی کۆرپەکانی بەناوی کوردی، یان کوردستانی ناو ناوە، دەبینین نەتەوەکانی دیکەش کۆرپەکانیان بە ناوی کوردستانی ناوناوە.

هەر بۆیە ئەگەر زیاتر هەڵکۆڵین لە بڕگەکانی ڕێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بکەین، دەبینین پڕۆژەیەکە دوو ئاراستەی (کوردستانی و عێراقی) هەیە، سەبارەت بە ئاراستە کوردستانییەکەی دەبینین:

١- ڕێککەوتنی ئادار پڕۆژەیەکە بۆ هۆشیاری نەتەوەیی و دابینکردنی مافی نەتەوەیی، بەڵام بەتەنیا هۆشیاری و مافەکانی نەتەوەی کورد نا، بەڵکو هۆشیاری نەتەوەیی و دابینکردنی ماف بۆ کۆی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، بۆیە دەکرێت ئەمە ناوبنێین: دووبارە بونیادنانەوەی گەلی کوردستان، یان ئەو پڕۆژەیەی کە پێی دەڵێن: (بونیادنانەوەی نەتەوە) لە زانستی دەوڵەتسازیدا.

**حکومەتی عێراق لەماوەی ئەو چوارساڵەی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئادار دیاریکرابوو، توانی نەوتی عێراق خۆماڵی بکات و کۆتایی بە سیاسەتی دەستگرتنەوەی ئابوری (التقشف) بهێنێت، با وای دابنێین، حکومەتی عێراق لە بری شەڕکردنەوە لەگەڵ کورد، ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ بکردایەو دەستی بکردایە بە ئاوەدانکردنەوەی عێراق، ئایا عێراق وەک کۆریای باشوور و سەنگافورە لە ماوەی تەنیا ١٠ ساڵدا لە دەوڵەتێکی جیهانی سێهەمەوە نەدەبووە دەوڵەتێک هاوشانی دەوڵەتانی جیهانی یەکەم؟**



٢- ڕێککەوتنی ئادار پرۆژەیەو چوارچێوەیەکە بۆ پێناسەکردنەوەی بەشێك لە نیشتمانێکی گەورە، ئەویش ئەو بەشەیە کە (کوردستانە لەچوارچێوەی عێراقدا)، هەر بۆیە ئەگەر بە وردی لەسەر بندێڕەکانی بڕگەکانی ڕێککەوتنی ئادار هەڵوەستە بکەین، کە پێداگیری لەسەر سنووری جوگرافی و مێژوویی کوردستان دەکات، ئەوا بەدەق ئەوەمان پێدەڵێت: (ئەم بەشەی کوردستان نیشتمانێکی جیاوازە لەناو دەوڵەتی عێراقدا).

٣- لە چوارچێوەی بڕگەکانی ڕێککەوتنی ئاداردا، زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی زمانی فەرمییەو لە کوردستانیشدا زمانە جیاوازەکانی دیکە وەك تورکمانی و سریانی زمانی فەرمیی ئەو نەتەوانەیە و بە زمانی خۆیان دەخوێنن، ئەگەر لێرەدا گریمانەی ئەوە بکەین کە ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ وەك ئەوەی لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی بەعس ئیمزا کرا لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٤ هەمووی جێبەجێ بکرایە، ئایا ئەو ڕێککەوتنە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا هاوشێوەی کیوبیك نەدەبوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی کەنەدادا؟

٤- لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی شۆڕشی ئەیلوولدا، بەوجۆرە پرسی پێشمەرگە چارەسەر کرابوو کە لە ژێر ناوی (پاسەوانی سنوور) هێزی پێشمەرگە وەك سوپای کوردستان بە هەموو پێکهاتە سەربازییەکانیەوە مابوونەوە، ئەم بڕگەیە دەقاودەق ئەو ماددە دەستوورییەیە کە پێشمەرگەی کردۆتە (پاسەوانی هەرێم) و مسعود بارزانی بەتەنیا داکۆکی لەسەر دەکات و هێندەی سەربەخۆیی کوردستان پێداگیری لەسەر دەکات.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر سەیری ڕەهەندە عێراقییەکەی بکەین و وەك پرۆژەیەك سەیری بکەین کە ڕەنگدانەوەی ئیجابییانەی لەسەر عێراق دەبوو، وەك نیشتمانێکی هاوبەش، ئەوا دەکرێت ئەم لایەنانە بخەینەڕوو:

١- حکومەتی عێراق لەماوەی ئەو چوارساڵەی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئادار دیاریکرابوو، توانی نەوتی عێراق خۆماڵی بکات و کۆتایی بە سیاسەتی دەستگرتنەوەی ئابوری (التقشف) بهێنێت، با وای دابنێین، حکومەتی عێراق لە بری شەڕکردنەوە لەگەڵ کورد، ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ بکردایەو دەستی بکردایە بە ئاوەدانکردنەوەی عێراق، ئایا عێراق وەك کۆریای باشوور و سەنگافورە لە ماوەی تەنیا ١٠ ساڵدا لە دەوڵەتێکی جیهانی سێیەمەوە نەدەبووە دەوڵەتێك هاوشانی دەوڵەتانی جیهانی یەکەم؟

٢- ئەگەر عێراق ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ بکردایە، ناچار نەدەبوو تەنازول بۆ شای ئێران بکات و واز لە نیوەی شەتولعەرەب بۆ ئێران بهێنێت.

٣- ئەگەر عێراق ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ بکردایە و لەبری ئەوەی دێهاتەکانی کوردستان دابگرێت و لە ئۆردوگای زۆرەملێ نیشتەجێیان بکات، خەریکی ئاوەدانکردنەوەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بوایە، ئەوا لەگەڵ ڕووخانی شا و هاتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەوا نە لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەو جۆرە دروست دەبوون کە هەڕەشە لە عێراق بکەن، نە دەبوونە هۆکارێکیش بۆ ئەوەی شەڕی ٨ساڵەی عێراق- ئێرانیش هەڵبگیرسێت، دوای ئەویش عێراق نەدەکەوتە ئەو بارە ئابوورییە نالەبارەی کە بیر لە داگیرکردنی کوەیت بکاتەوە .

ئەمانە هەمووی دەرهاویشتە خراپەکانی جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنی ئادار بوون، بەڵام هەمووشیان ئەو فاکتانەن کە ئێستا عێراق بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.

### ● وانەکانی شۆڕشی ئەیلول بۆ ئێستامان و بۆ شێوازی مامەڵەمان لەگەڵ حکومەتی عێراق

لە زانستی سیاسەتدا چەمکێك هەیە دەڵێت: جەنگ و شەڕ (الحرب و المعرکة) دوو پرسی لێك جیاوازن، شەڕ پرسێکی سیاسییە و دەبێت دەوڵەتمەدار بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام جەنگ، ژەنراڵە سەربازییەکان نەخشەی بۆ دادەنێن و هەر خۆشیان جێبەجێی دەکەن. لەمەش زیاتر جەنگ، بەبێ بڕیار، یان ڕاگەیاندنی شەڕ بوونی نییە، بەڵام بەبێ جەنگیش شەڕ بەمانا سیاسییەکەی بوونی هەیە. لەم چوارچێوەیەدا زۆر جار لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگەکان لە سەرکردەکان گوێمان لێ بووە کە دەڵێن:

**ئەگەر هەر حزب و سەرکردەیەک لە بازنەی ڕەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوول بێتەدەرەوە، خەڵکی کوردستان وەک خۆفرۆش و خائین سەیری دەکەن**

**بیرمەندی گەورەی کورد خوالێخۆشبوو مسعود محەمەد لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی برایەتی پێی گوتین: مەلا مستەفا بارزانی بۆ گەلی کوردستان قەدەرە و دەبێت ئەو قەدەرەمان قبووڵ بێت، ئەوا بەهەمان پێوانەی مامۆستا مسعود محەمەد، ڕەهەندە سیاسیەکەی شۆڕشی ئەیلولیش قەدەرە بۆ هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان و دەبێت بە خۆشی بێت، یان بە ناچاری، ئەو قەدەرە قبووڵ بکەن**

جەنگەکە کۆتایی هاتووە، بەڵام شەڕەکە کۆتایی نەهاتووە.

ئەوجا ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕش لەلایەن مەلا مستەفا بارزانی-یەوە بە بڕیاری ڕاگەیاندنی شەڕ بۆ مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و دیاریکردنی سنووری کوردستان لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە لەناو دەوڵەتی عێراقدا لە قەڵەم بدەین، ئەوا هەر لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشەکەوە، ئەم بڕیارەی مستەفا بارزانی، هەردوو ڕەهەندەکەی شەڕ (سیاسی و سەربازی) هەبووەو لەهەردوو ڕەهەندەکەشەوە کاری جددی لەسەر کردووە.

لەدوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥یشەوە لەگەڵ ئەوەی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، بەناوی دیکە جیا لەناوی شۆڕشی ئەیلوول دەستیان بە خەباتی چەکداری کردەووەو، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی خەباتی چەکدارییەوە جیاواز بوون لە خەباتی چەکداریی شۆڕشی ئەیلوول، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە درێژەپێدەری هەمان شەڕ بوون، کە مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا ڕایگەیاندبوو، ئەمە بەو لایەنە سیاسییانەشی کە بۆ مەبەستی حزبایەتیی تەسك لە ئەدەبیاتی حزبیی خۆیاندا دژایەتی شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە، بەڵام وەك کردەیی و بەناچاری لە ناو بازنەی ڕەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوولدا ماونەتەوە، ئەم مانەوەیەش لەبەر ئەوەیە، ئەگەر هەر حزب و سەرکردەیەك لە بازنەی ڕەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوول بێتەدەرەوە، خەڵکی کوردستان وەك خۆفرۆش و خائین سەیری دەکەن، هەر بۆیە چۆن بیرمەندی گەورەی کورد خوالێخۆشبوو مسعود محەمەد لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی برایەتی پێی گوتین: مەلا مستەفا بارزانی بۆ گەلی کوردستان قەدەرە و دەبێت ئەو قەدەرەمان قبووڵ بێت، ئەوا بەهەمان پێوانەی مامۆستا مسعود محەمەد، ڕەهەندە سیاسیەکەی شۆڕشی ئەیلولیش قەدەرە بۆ هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان و دەبێت بە خۆشی بێت، یان بە ناچاری، ئەو قەدەرە قبووڵ بکەن.

ئەم چەند دێڕەمان بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەری ئەم باسە نووسی و بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە بڵێین: شۆڕشی ئەیلوول بە تەنیا شۆڕشی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبووە، هەروەها مێژووەکەشی بەتەنیا مێژووی پارتی نییە، ڕاشکاوانەتریش لەمە، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاستە پارتی سەرەکیی ناو شۆڕشی ئەیلوول بووە، بەڵام شۆڕشەکە لەلایەن «بارەگای بارزانی»یەوە ڕێبەرایەتی کراوە و ئەم بارەگایەش بۆ پارتی چۆن بووە، بۆ لایەنە سیاسیەکانی دیکەی ناو شۆڕشی ئەیلوول و تەواوی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ناو شۆڕش وەك یەك بووە. هەموو ئەو لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنی و کەسایەتی و هونەرمەند و سەرۆك هۆز و پیاوماقووڵانەشی سەردانی بارەگای بارزانی-یان کردووە، وەك بارەگای بارزانی کە تایبەتمەندی خۆی هەبووە، سەردانی ئەو بارەگایان کردووە، نەك وەك بارەگایەکی تایبەتی و حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەر بۆ نموونە ئەگەر ئێستا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، یان حزبی شیوعی عێراق کە شانازی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکەن، ئەگەر لێیان بپرسین: ئایا ئێوە لە ژێر ڕێبەرایەتی پارتی بەشێك بوون لە شۆڕشی ئەیلوول، یان ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی؟ بێگومان ڕاشکاوانە دەڵێن: لەژێر ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی.

لەم بازنەیەدا، هەقە پارتی دیموکراتی کوردستان و تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕاشکاوانە ڕەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەسەر ئاستی پەیوەندیی کوردستان و عێراق، دووبارە بکەنەوە بابەتی وتووێژێکی لەنێوان خۆیاندا بۆ ئەوەی بگەنە ئەم ڕاستییانە:

١- لەسەر ئاستی پەیوەندیی کوردستان و بەغدا، هەموو لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، زۆر باش دەزانن، لەو کاتانەشی کە شەڕی شوومی ناوخۆ لە نێوانیان هەبووە و سەنگەریان لەیەکتری دەگرت، کە دەهاتە سەر باسی وتووێژ و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی بەعس، بێ ئەوەی پێکەوە کۆببنەوە، هیچ لایەکیان نەتاندەتوانی لە بازنەی ڕەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوول بێنە دەرێ، بۆیە بازنەی ڕەهەندە سیاسییەکەی

**پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاستە پارتی سەرەکیی ناو شۆڕشی ئەیلوول بووە، بەڵام شۆڕشەکە لەلایەن «بارەگای بارزانی»یەوە ڕێبەرایەتی کراوە و ئەم بارەگایەش بۆ پارتی چۆن بووە، بۆ لایەنە سیاسیەکانی دیکەی ناو شۆڕشی ئەیلوول و تەواوی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ناو شۆڕش وەک یەک بووە**

**لەسەر ئاستی پەیوەندیی کوردستان و بەغدا، هەموو لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، زۆر باش دەزانن، لەو کاتانەشی کە شەڕی شوومی ناوخۆ لە نێوانیان هەبووە و سەنگەریان لەیەکتری دەگرت، کە دەهاتە سەر باسی وتووێژ و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی بەعس، بێ ئەوەی پێکەوە کۆببنەوە، هیچ لایەکیان نەتاندەتوانی لە بازنەی ڕەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوول بێنە دەرێ**

شۆڕشی ئەیلوول نەك بە تەنیا بۆ پارتی، بەڵکو بۆ هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بۆتە قەدەر و دەبێت ئەو قەدەرە قبووڵ بکرێت، ئەگەرنا لەسەر سازشکردن لە هەر خاڵێکی رەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ هەر حکومەتێکی عێراق، ئەوا میللەت بە خائین ناویان تۆمار دەکات، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات، باشترە بازنەی رەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوول هەموو لایەك کۆبکاتەوە.

٢- سەبارەت بە رەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوولیش بۆ پەیوەندیی ناوخۆی نێوان حزبەکان، بێگومان هەموو لایەك دەزانن، یەکێك لە سیفەتە جوانەکانی مستەفا بارزانی بۆ لێبوردەیی نێوان پێکهاتەکان، یان لایەنە سیاسییەکانیش، ئەوە بووە کە لێبوردەیی لای مستەفا بارزانی یەك مانای هەبووە، ئەویش ئەوەیە «منیش بەشێکم لە هەڵەکە»، ئەمەش واتە ئەگەر هەڵەیەك روویدابێت، ئەوا لێبوردەیی ئەو کاتە دروست دەبێت کە کام لایەن پێشتر دەڵێت: «منیش بەشێك بووم لە هەڵەکە.» بۆیە بۆ ئێستای بارودۆخی کوردستان و دووبارە زیندووکردنەوەی رەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ئاستی ناوخۆی



کوردستان، پێویستمان بەوەیە کام لایەن پێش هەر لایەنێکی دیکە دەڵێت: «منیش بەشێك بووم لە هەڵەکە.»

دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەمیشە لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان، هەرگیز دەرگای دیالۆگ و وتووێژی رەتنەکردۆتەوە، لە بنەڕەتیشدا ئەم میتۆدەی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر ئەو مانایەی رەهەندە سیاسیەکەی شۆڕشی ئەیلوول و هەمان تێگەیشتنی مستەفا بارزانی هەیە بۆ لێبوردەیی کە وەك یەکەم لایەن بڵێت: «منیش بەشێك بووم لە هەڵەکە»، بۆ ئەوەی بەرامبەریش بڵێت: «منیش بەشێك بووم لە هەڵەکە» و کێشەکان چارەسەر بکرێت.

هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت پەندێك، یان وانەیەك لە رەهەندە سیاسییەکەی شۆڕشی ئەیلوول وەربگرین، ئەوا چ لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان، هەروەها چ لە ئاستی پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراق، ئەوا بێجگە بە رازیبوون بەو قەدەرەی بازنەی رەهەندە سیاسییەکانی شۆڕشی ئەیلوول بۆ هەموو لایەك دروستی کردووە، رێگەی دیکە لە بەردەم لایەنە سیاسییەکاندا بوونی نییە.





نەوزاد هادی

پارێزگاری هەولێر بۆ گوڵان:

# بڕیارە ئەمساڵ پڕۆژەی شەقامی ١٢٠ مەتری لە هەولێر تەواو بکرێت

## پڕۆژەی شەقامی١٥٠مەتری ڕەزامەندی لەسەر دراوەو دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت

**لەگەڵ دەستپێکردنەوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و کەمبوونەوەی شوێنەواری قەیرانە داراییەکە؛ لە پارێزگای هەولێر چەندین پرۆژە دەست بە جێبەجێکردنەوەی کراوە. بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەکان و چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە سێکتەرەکانی پەروەردەو تەندروستی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر کردووە، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** یەکێك لەو پرۆژانەی کە جێگای سەرنجەو بۆ هەولێر و گرنگیی تایبەتی هەیە، پرۆژەکانی ڕێگاوبانە، ئایا گرنگترینی ئەو پرۆژانە چین کە لەبواری ڕێگاوباندا دەست بە جێبەجێکردنەوەی کراوە؟**

- لەگەڵ دروستبوونی قەیرانی دارایی لە دوای ساڵی ٢٠١٤ پرۆژەکان بەگشتی ڕاگیران، بەڵام لە هەولێر چەندین پرۆژەی ستراتیژی و گرنگیی خزمەتگوزاریی کاریان تێدا کرا، لەوانە پرۆژەی شەقامی بازنەیی ١٢٠مەتری، کە کۆمپانیای هێمن گروپ دەستپێکی پرۆژەی ١٢٠مەتری ئەنجامدا، کە قۆناغی یەکەمی لە ڕێگای موسڵ بۆ ڕێگای مەسیف سەلاحەدین تەواو کرد و قۆناغی دووەمیشی ماوەیەك پێش ئێستا تەواو کرد، کە لە ڕێگای مەسیف سەلاحەدین بۆ ڕێگای کەسنەزانە و ئێستا هێمن گروپ لەکارکردندایە بۆ تەواوکردنی قۆناغی کەسنەزان-کەرکووك. هەروەها نێوان ڕێگای کەرکووك بۆ ڕێگای موسڵ کە درابوو بە کۆمپانیایەکی تورکی کە بەپێی ڕێککەوتنیك ڕەزامەندی دراوە لەو کۆمپانیا تورکییە وەرگیراوەتەوە و هەر کۆمپانیای هێمن گروپ تەواوی دەکات و بە دڵخۆشییەوە هێمن گروپ بڕیاری داوە بۆ ئەمساڵ ئەو رینگەش کە دوا رینگەیە لە شەقامی ١٢٠مەتری تەواوی بکات، بەمەش ١٢٠مەتری بازنەی ٣٦٠پلەی تەواو دەکات. شەقامی ١٢٠مەتری بازنەیی یەکێکە لە شادەمارە سەرەکییەکانی هاتوچۆی شاری هەولێر، چونکە شاری هەولێر بە حوکمی قەڵات ماستەرپلانیکی بازنەییە و شەقامەکانی بازنەییە، هەر بۆییە شەقامەکانی ٣٠مەتری و ٤٠مەتری و ٦٠مەتری و ١٠٠مەتریمان هەبووە و ئێستاکە ١٢٠مەتریش لە قۆناغی کۆتاییدایە و شەقامی ١٥٠مەتریش و ڕەزامەندی لەسەر دراوە، شەقامی ١٢٠مەتری کە تەواو دەبێت، هیچ ڕاوەستان و ترافیکێکی تێدا نییە، ئەگەرچی لە ٣٠مەتری و ٤٠مەتری و ٦٠مەتری و ١٠٠مەتری کێشەی ڕاوەستان و هەبوونی ترافیك هەیە، هەر چەندە تونێل و پردی خێرا لە ٦٠مەتری و ١٠٠مەتری هەیە، بەڵام بەپێی پێویست نییە، بۆیە ڕاوەستان و ترافیك لەسەر ئەو شەقامانە هەیە، بەڵام ١٢٠مەتری ئینترچەینجەکانی تەواون و هیچ لەمپەرو ڕاوەستانی تیدا نییە، بۆیە ئەو شەقامە ڕەنگدانەوەو کاریگەریی باش و زۆری لەسەر کەمبوونەوەی جەنجاڵی لە شاری هەولێر دەبێت و ڕەنگدانەوەی باشیش لەسەر هاتوچۆ و جووڵەی بازاڕو ئابووری و بازرگانی دروست دەکات، ئەو شەقامە هێزێکی گەورە دەداتە شاری هەولێر لە هەموو بوارێکەوە، هەر بۆ نموونە ئەو قورساییەی هاتوچۆ کە لەسەر شەقامی ١٠٠مەتری هەیە، کەم دەبێتەوە و دەگوازرێتەوە بۆ سەر شەقامی بازنەیی ١٢٠مەتری، چونکە لە هەر شوێنێکی شاری هەولێر بتەوێت بچیت بۆ لایەکی تری لە ڕێگای ١٢٠مەتری دەتوانێت بە کەمترین ماوەو بە ئاسانی بۆی بچیت، ئەمەش چ بۆ ناو شاربێت، چ بۆ دەرەوەی شار، لەلایەکی تر ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانەی کە لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، یا هەر ئاراستەیەکی تر بیانەوێت بێن بۆ هەولێر، لەو ڕێگاوەوە زۆر بە ئاسانی دەگەنە شوێنی مەبەستی خۆیان و بەپێچەوانەشەوە لێی دەردەچن و بۆ بارهەڵگرەکان ئەم شەقامە وەکو ترانزێتە و لەمەودوا بارهەڵگرەکان ناچنەوە سەر شەقامی ١٠٠مەتری، ئەمەش گەورەترین ئاسانکاری بۆ شۆفیری بارهەڵگرەکان دروست دەکات

**زیاتر لە ١١٨هەزار ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان و ٥٠٠هەزار ئاوارەی عێراقی لە هەولێرن**

**سەرەڕای ئەو قەیران و بێ مووچەییە، نەخۆشخانە حکوومی و گشتییەکان لە دەوامی خۆیان بەردەوام بوون و بە ئەرکی مرۆڤایەتی خۆیان هەستان و دەوامیان بایکۆت نەکرد**

*** باسی پڕۆژەی شەقامی ١٥٠ مەتریتان لە شاری هەولێر کرد، ئەمە کەی دەست بە ئەنجامدانی دەکرێت؟**

- یەکێك لەو پڕۆژانەی کە ئێستا ڕەزامەندی لەسەر دراوە کە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، شەقامی ١٥٠مەترییە وەکو قۆناغی یەکەم لە ڕێگای بەحرکە تا ڕێگای کەسنەزان دەستپێدەکات، ئەم بەشەی شەقامی ١٥٠مەترییە زۆر ستراتیژی و پێویست و گرنگە بۆ شاری هەولێر، چونکە ئەو ناوچانەی شارەکە زۆر بەرفراوان بووە، ئەم شەقامەش چەندین شوێن و ئاوەدانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەوانە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی نوێ و گەنجان ستی و پڕۆژەی خانووی کۆرییەکان و قونسولخانەی ئەمریکی و شاری مامۆستایان و پیرزین و ناوچەکانی دەوروبەری شاوەیس، لەلایەك دی دەسووڕێتەوە بۆ ئاشتیی دوو و کەسنەزان، واتە ئەم شەقامە بەسەر چەندین گەڕەك و ئاوەدانیدا دەڕوات و هاووڵاتیان سوودی لێوەردەگرن. بە دروستکردنی شەقامی ١٥٠مەتری، هەولێر بەرفراوانی و ئاوەدانی زیاتر بەخۆییەوە دەبینێت و ئەو پڕۆژانەی لەم دواییەو لەو قەیرانە ئەنجام دراون پشکی شێر بەر هیممەت و دڵسۆزیی هێمن گروپ دەکەوێت لەجێبەجێکردنی و کوالێتی زۆر باش و ستاندارد، هەروەها پڕۆژەیەکی تر کە لەم قەیرانە داراییە تەواو کرا، ڕێگای هەولێر – موسڵە بە ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاسەوە کە کۆمپانیای دارین جێبەجێی کرد.

*** ئەی سەبارەت بە شەقامەکانی ناو سەنتەری شاری هەولێر هیچ پڕۆژەیەکتان بەدەستەوەیە؟**

- بەڵێ، چەندین پڕۆژە ئەنجام دراوە، ئەو چوارڕێیانەی سەر سەد مەتری کە بۆ بەحرکە دەڕوات تەواوکرا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئیجابیی زۆری هەبوو لەسەر جووڵەی هاتوچۆی هەولێر و ئەو ناوچەیە و ئاوەدانی شوێنەکە لەگەڵ تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیەدا ئاوەدانی زیاتریان بەخۆوە بینی، کە پێشتر ئەم شوێن و شەقامە جووڵەی ئابووری لەسەر زۆر کەم بوو، ئەمەش هێزێکی بازرگانی و ئابووری داوەتە ئەو بازاڕو پێکهاتانەی لەم شوینەدا کار دەکەن، بۆیە بەپێی سرووشتی خۆی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دەبنە پاڵپشت و هێزێکی گەورەو کاریگەر بۆ ئابووری و جووڵەی بازاڕ، چونکە ئەو بەرنامە خزمەتگوزارییانەی هەبووە لە هەولێر هێزێکی گەورەی بازرگانی و ئابووری پێداوە، لەلایەکی تر لەم قەیرانەدا چەندین کارو پڕۆژە بە داهات جێبەجێ کراوە، وەکو بەشێك لە دروستکردنی شەقام و کۆنکرێتکردنی کۆڵانەکانی ناو گەڕەکەکانی هەولێر و دروستکردنی چەندین باخچە و پارك و..تاد، ئەمەش بەو بودجەیە بووە کە شارەوانییەکان بەشێك لەداهاتەکانی خۆیان ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر هەیە، پڕۆژەکانیان پێ جێبەجێ کردووەو هەر پڕۆژەیەکی تریش کە پێویست بووە.

*** ئەی سەبارەت بە پڕۆژەکانی تونێل بەتایبەتی پڕۆژەی تونێلی پیرمام ئەوە بەکوێ گەیشتووە؟**

- ئێستا پڕۆژەیەکی زۆر گرنگ کارکردن تێیدا دەستی پێکردۆتەوە کە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕەزامەندییان لەسەر داوە، ئەویش ئەو تۆنێلەی مەسیف سەلاحەدینە ئەو بەشەی بە شەقڵاوە دەبەستێتەوە کە بەشێکی ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر دەیکات. ئەم پڕۆژەیە ڕێگای کۆڕێ بە قەندیلەوە دەبەستێتەوە، بە تەواوبوونی ئەوە جەنجاڵی هاتوچۆیە لە سەلاحەدین و کۆڕێ نامێنێت و خەڵك بەئاسانی و بەماوەیەکی کەمتر لە هەولێرەوە بە شەقڵاوە دەگات، ئەمە کاریگەری لەسەر ئاسانکاری بۆ بازرگانان و گەشتیارانیش دەبێت، بۆ دەروازەی حاجی ئۆمەران و چۆمان و سۆران و ڕەواندزو مێرگەسۆر و.. هتد، هاوکات ئەم ڕێگا سەرەکییە لە هاتوچۆکردن بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ئاسانکاری دەکات، کە هێزێکی باش و زۆر دەخاتەوە لە بواری گەشتوگوزار و بازرگانی و ئابووریدا.

*** ئایا دەستپێکردنەوەی پڕۆژەکانی ڕێگاوبان، ڕێگای نێوان هەولێر- دهۆکیش دەگرێتەوە؟**

- پڕۆژەییەکی دی کە گرنگیی تایبەتی و زۆری هەیە و گرێبەست لەنێوان ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ئاوەدانکردنەو پارێزگا کراوەو ڕەزامەندیشی لەسەر دراوە، ئەویش ڕێگای سەرەکیی هەولێر – گۆپالە کە دەکاتە جووت سایدی هەولێر – دهۆك، ئەم پڕۆژەیەش بەقەرز ئەنجام دەدرێت لە چوارڕێیانی عەنکاوە – فرۆکەخانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە گۆپاڵ، ئەمە پارێزگای هەولێر جێبەجی دەکات، لە

**ئێستا هەولێر بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ خەڵکی عێراق بۆتە سەنتەرێکی زۆر باش و بەسوود، ئەگەرچی پێشتر لە لای ئێمەوە بۆ چارەسەرو سەردانی پزیشک دەچووینە شارەکانی عێراق وەکو موسڵ و بەغدا**

**یەکێک لە دەستکەوتەکانی حکومەتی کوردستان دروستکردنی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانییە و فڕۆکەخانەکان موڵکی حکومەتی کوردستانن و ئێستا فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر لە رووی ستانداردی سەردەمیانە و ڕێنوێنییەکان یەکێک لە فڕۆکەخانە باشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە**

گۆپالەوە بۆ دهۆك پارێزگای دهۆك ئەنجامی دەدەن، بەم پڕۆژەیە نێوان هەولێر — دهۆك دەبێتە جووت سايد كە ڕەنگدانەوەیەكی یەكجار زۆری لەسەر كەمبوونەوە ماوەی هاتوچۆی نێوان هەولێر — دهۆك و بۆ ئیبراهیم خەلیل دروست دەكات، واتە ئەم پڕۆژەیەش گرنگیی زۆری بۆ كوردستان و بۆ عێراقیش هەیە بەتایبەتی لە جووڵەی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ توركیا و ئەوروپا ئەم پڕۆژەیە لە قۆناغی كۆتاییدایە كە گرێبەستەكە بكرێت .

***ڕێگای هەولێر- سلێمانی كە قورساییەكی زۆری لەسەرە، ئایا بۆ ئەمساڵ دەست بەجێبەجێكردنەوەی دەكرێت؟**

- جووت سايدی هەولێر - كۆیە دەست پێ دەكاتەوە كە بە تۆنێلێكەوە پێنج بەشە و لەكاتی تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیەش ڕێگاكە لەنێوان هەولێر — كۆیە و سلێمانی دەبێتە جووت سايد و زۆر ئاسانكاری بۆ هاتوچۆ دەستەبەر دەبێت و تاوەكو ئەم پڕۆژەیە دەكرێت، دراسەیەكمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان و ئاوەدانكردنەوەو وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەی كوردستان كردووە كە شۆلدەرەكانی هەردوولای ڕێگاكەی ئێستای نێوان هەولێر — كۆیە فراوان بكەین و پڕۆژەی ڕێگای هەولێر — كۆیە لەبەر ئەوەی بەرزی و نزمی و گردۆڵكەی زۆری تێدایە بۆیە ماوەو زەحمەتی زۆر لەگەڵدایە.

*** جگە لە بوارەكانی ڕێگاوبان هەولێر تا دێت گەورەتر و قەڵەباڵغتر دەبێت، هەر بۆیە پێویستی بە چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاریی دیكە هەیە. ئایا لەم بوارەدا چی كراوە؟**

- لەبوارەكانی خزمەتگوزاری وەكو كارەباو ئاو و سێكتەرەكانی تریش چەندین پڕۆژە لە پلان و بەرنامەدا بوون، بەهۆی ئەو قەیرانەی بەسەر كوردستاندا هێنرا، نەتوانرا جێبەجێ بكرێن، بۆ نموونە ئەو ئۆڤەرلۆدەی لەسەر وێستگەكانی كارەبا هەبوو، پێویستی بە چەند وێستگەیەكی تەحویلی هەبووە، وەكو وێستگەی (١٣٢كەی ڤی و ١٣٣كەی ڤی و ٤٠٠كەی ڤی) ئەم پڕۆژانە نەخرانە بواری جێبەجێكردنەوە، بەمەش ئۆڤەرلۆدی خستەوە سەر ڤیدەرەكان كە لەمەش كێشەمان لە ناوچەی زرارەتی و قوشتەپە هەیە، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە ڕەزامەندیی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داریی وەرگیراوە، سەرەڕای قەیرانەكە كە كێشەی كارەبای ئەو ناوچانە چارەسەر بكەین، ناوچەی زرارەتی كەڤیدەر سێی خانزاد دەكات لۆدێكی یەكجار زۆری لەسەرە، ئەوە دەست بەجێبەجێكردنی وێستگەیەكی تەحویلی بۆ ئەو ناوچەیە دەكرێت، هاوكات كێشەی كەمیی ئاومان لە ناوچەی زرارەتی هەبوو، بۆ چارەسەركردنی ئەمەش ڕەزامەندی درا كێشەكە چارەسەر بكرێت و بودجەشی بۆ تەرخانكرا وەزارەتی دارایی حكومەتی كوردستان ئەو بودجانەیان بۆ دابین كردووین، هەروەها كێشەی تری ئاو هەبووە لە خانزاد و دەوروبەری هەولێر لە قەزاو ناحیەكان كە كێشەكان بیری ئاویان وشكی كردووە، بەردەوام بیری تریان بۆ لێدراوە، یا كێشەی تۆڕی ئاو بووە، ئەمەشمان چارەسەر كردووە بۆ ئەو چارەسەری ئەو كێشانەش هەر بودجەكان لەلایەن وەزارەتی دارایی كوردستان تەرخانكراون و یەكێك لەو پڕۆژانەی گرنگ بووە و ئێستا لەژێر جێبەجێكردندایە لەلایەن كۆمپانیای بای وەتەری بەریتانی بریتییە لەو بەشەی پڕۆژەی ئاو حەوزێكی گلدانەوەی ئاوە دەكەوێتە پشت وەزارەتی پێشمەرگەوە لەوێوە ئاوەكە دەچێت بۆ كەسنەزان و دەوروبەری و گەڕەكەكانی قەرەبوو و هەموو ئەو شوێن و گەڕەكانە لەسەر پڕۆژەی ئاوی ئیفرازن، ئێستا لەژێر ئەنجامدانە، چونكە كێشەی ئاو لەو ناوچە و گەڕەكانە هەیە، لیڤلی كەسنەزان و ئەو شوێنانەش بەرزەو ئاوی ژێر زەوییان كەمە بەمەش خەڵكەكەی ئەو شوێنانە كێشەی ئاویان زۆر بۆ دروست بووە، بەڵام بەم پڕۆژەییە كێشەێ ئەو گەڕەك و شوێنانە لە كەمئاوی چارەسەر دەبێت و ئەم پڕۆژەیە خۆی لەخۆیدا بەشێكە لەپڕۆژەی سەرەكییەكەی ئیفراز چوار كە ٢٥هەزار مەتر سێجا لەیەك كاتژمێر ئاو دەهێنێتە كۆگای گلدانەوەی ئاوی پشت مۆنۆمێنتی شەهیدان كە دەكاتە سەرووی كەسنەزان و بەم ڕێگەوە ئاو دابەش دەبێت بەسەر كەسنەزان و بنەسلاوەو دارەتوو و مەلائۆمەر و بەحركەو ناو شارو هەولێری نوێ و بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیەش هەموو بیرەكانی ئاوی خواردنەوەی ناو شارو دەوروبەری كە هەیە كە سەرووی ١٤٠٠تا ١٥٠٠بیر دەبن، دادەخرێن واتە ئەو بیرانە لەگەڵ تەواوبوونی پڕۆژەی ئیفراز چوار چیتر كاریان پێ ناكرێت، كە

**ئەم هێمنی و ئاسایشەی كە لە كوردستان و لە هەولێر هەیە، بەشێكی زۆری بۆ هاوكاری و پاڵپشتی خەڵكەكە لەگەڵ لایەنە ئەمنییەكان دەگەڕێتەوە**

**لە پڕۆژەی گوندی كۆری وەكو قۆناغی یەكەم ئێستا هەزار خانوو تەواو بوون و ئەوەی لەم هەزار خانووە وەردەگرێت، دەبێت ١٢٧٠٠دۆلاری دیكە بدات**

**لە سەرووی ٧٠هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە ڕێگای وەبەرهێنانەوە لە هەولێر دروست کراوە، جگە لەوەی حکومەتی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی ئەزمەی نیشتەجێبوون لەسەرووی ١٤٠هەزار پارچە زەوی بەسەر خەڵک دابەشکردووە لە هەولێر**

**لەبوارەکانی خزمەتگوزاری وەکو کارەباو ئاو و سێکتەرەکانی تریش چەندین پرۆژە لە پلان و بەرنامەدا بوون، بەهۆی ئەو قەیرانەی بەسەر کوردستاندا هێنرا، نەتوانرا جێبەجێ بکرێن**

بەمەش پاریزگاری لە ئاوی ژێر زەوی دەکرێت.

*** هەولێر شارێکی گەشتوگوزارییە، لەمبارەیەوە چ پرۆژەیەك ئەنجام دەدرێت؟**

- هەموو ئەو پرۆژە ستراتیژی و خزمەتگوزارییانەی کراون و دەکرێت، ڕەنگدانەوەی باش و زۆریان لەسەر گەشتوگوزارو ڕاکێشانی گەشتیار بۆ کوردستان و هەولێر هەبووە. گەشتوگوزار سیکتەرێك نییە کە بودجەی تایبەتی بۆ دابنرێت، بەڵام بوونی ژمارەیەك پلەی بەرزی هوتێل و موتێل و چێشتخانە و هەبوونی پارك و باخچە و شاری یارییەکان و سرووشتی جوانی کوردستان هەر هەموویان تەواوکاری یەکترن بۆ زیادبوونی گەشتیار، لەلایەکی تر ئەو هێمنی و ئاسایشەی لە کوردستان بەرقەرارە و پارێزراوە، بەپلەی یەکەم دێت لەوەی کە گەشتیار زیاتر روو لە هەولێر و کوردستان دەکەن، هاوکات ئەو پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەییەی لە کوردستان و هەولێر هەیە، وایکردووە کە گەشتیاری زیاتر ڕووی تێبکەن و ئەم پێکەوەژیانەی کوردستان چاوی وڵاتانی دەرەوەشی لەسەرەو بەهەند و گرنگی دەزانن. ئەم جەژنی قوربانە کە ڕێگای هەولێر – پردێ – کەرکووك کرایەوەو لەلایەن دەزگا پەیوەندارەکانی کوردستانیش ئاسانکاری زۆر بۆ گەشتیاران کرا، بۆیە ڕێژەی هاتنی گەشتیار لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ هەولێر زۆر زیادی کردبوو، چونکە پێشتر گەشتیار زۆر بە زەحمەت و ماندووبوونی زۆر لە ڕێگای تەق تەق و کۆیە دەهاتن بۆ هەولێر و ناوچە گەشتیارییەکان.

*** ئەم پرۆژانەی ڕێگاوبان هێڵی ترامیش دەگرێتەوە ؟**

- ترام پرۆژەیەکی هاتوچۆیە کە ماستەرپلانەکەی بۆ کراوە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئیتاڵی کە درێژی ئەو پرۆژەی هاتوچۆییە ٨٠کیلۆمەترە، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجەی پێویست پرۆژەکە دواکەوتووە، بەڵام خراوەتەڕوو بۆ ئەوەی لە ڕێگای کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانەوە جێبەجێ بکرێت.

*** پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کە بۆ گرفتی نیشتەجێبوون گرنگە، لەمبارەیەوە پرۆژەی نوێ چۆن ئەنجام دەدرێت؟**

- بە حوکمی ئەوەی لە سەرووی ٧٠هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە ڕێگای وەبەرهێنانەوە لە هەولێر دروست کراوە، جگە لەوەی حکومەتی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی ئەزمەی نیشتەجێبوون لەسەرووی ١٤٠هەزار پارچە زەوی بەسەر خەڵك دابەشکردووە لە هەولێر و ئەو پارچە زەوییانە لە ڕێگای پێدانی کارت بوون و ئەم کارتانە وەکو تاپۆ لە کڕین و فرۆشتن و سولفەی عەقاریش مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەگەرچی شارەوانی لەگەل تاپۆ و وەزارەتی کشتوکاڵ و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان خەریکی ئەوەن ئەو کارتانە وەجبە بە وەجبە بکەن بە سەنەد، بەڵام ئەو کارەش چەندین کارو مامەڵەو قۆناغی پێویستە، هەر شوێن و کارتێك مامەڵەکەیان کرا بە تاپۆ، ئەوە ڕاستەوخۆ بە خاوەنەکانیان دەدرێت.

*** گلەیی زۆر لەسەر تەواونەبوونی گوندی کۆری هەیە، ئەم پرۆژەیە بەکوێ گەیشتووە؟**

- گوندی کۆری پرۆژەیەکی وەبەرهێنانە کە کۆمپانیایەکی کۆری کارگەی خۆی هێناوە و کاری لەسەر دەکات و ئەم پرۆژەیە ٥٥٠٠خانووە بۆ کرێچییان و کەمدەرامەتان دروست دەکرێت، هەر کەسێك خانووی لەو پرۆژەیە بۆ دەرچووە، وەکو پێشەکی ٧هەزار دۆلاری داوە. لە پرۆژەی گوندی کۆری وەکو قۆناغی یەکەم ئێستا هەزار خانوو تەواو بوون و ئەوەی لەم هەزار خانووە وەردەگرێت، دەبێت ١٢٧٠٠دۆلاری دیکە بدات و ئەم کرێچییە کلیلەکەی وەردەگرێت و لە کرێچییەتی ڕزگاری دەبێت و خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و شەقامەکانی بۆ جێبەجێ کراوە و ئەم پرۆژەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانەوە بڕیاری لەسەر دراوە و بڕیار بوو سندوقی نیشتەجێبوون هاوکاری ئەم پرۆژەیە بکات، بەڵام قەیرانەکەی سەر کوردستان ڕێگای نەدا.

*** هەولێر بە ئارامی و سەقامگیرییەکەیەوە ناسراوە ئایا سەبارەت بەپاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان هەماهەنگی لەنێوان دەزگا پەیوەندیدارەکان هەیە، بەتایبەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی تاوانەکانی دزین و کوشتن؟**

- ئەو هەماهەنگی و هاوکارییەی لەنێوان سەرجەم دەزگا ئەمنییەکان کە هەیە وەکو یەك تیم کار دەکەین، جگە لەوەی کە هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان بە هێزو خوێنی خۆیان بەرگری لەپاراستنی سنوورەکانی کوردستان دەکەن، کە مایەی سەربەرزییە بۆ ئێمەی گەلی کوردستان، هەروەها هێزەکانی پێشمەرگەو هێزی

٨٠ و زێرەڤانیش لەگەڵ لایەنەکانی تری پاراستنی ئاسایشی کوردستان و هەولێر بە یەکەوە شەو و رۆژ ئامادەن بۆ پاراستنی ئەو ئاسایش و هێمنییە باش و جوانەی کە هەمانە، لەلایەکی تر ئەم هێمنی و ئاسایشەی کە لە کوردستان و لە هەولێر هەیە، بەشێکی زۆری بۆ هاوکاری و پاڵپشتی خەڵکەکە لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکان دەگەڕێتەوە. هەرچەندە دەبینین هەولێر زۆر گەورەو بەرفراوان بووە کە پێشتر نیوە تیرەکەی ٣کیلۆمەتر بوو، ئێستاکە نیوە تیرەکە بۆ ١٣کیلۆمەتر دەڕوات، سەرەڕای ئەوەی کە ٥٠٠هەزار ئاوارەی عێراقی لە هەولێرن و ناگەڕێنەوە و ١١٨هەزار ئاوارەی رۆژئاوای کوردستانی هەیە جگە لەخەڵکی خۆمان و کۆمپانیاکان ئەوە توانراوە بە شێوەیەکی پتەو و سیستەماتێك ئاسایش و هێمنی بەرقەرار بکرێت .

*** هەولێر بە شاری پێکەوەژیان و لێبووردەیی ناسراوە بۆ پاراستنی ئەم ناسنامەیە چی کراوە؟**

- هۆکارێکی تر بۆ ئاوەدانی و گەشەکردنی شاری هەولێر هەبوونی ئەو پێکەوەژیانەیە لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان و زمانی جیاجیا بە شێوەیەکی ئاشتی و لێبوردەیی، ئەمەش لەگەڵ فاکتەرەکانی تر هەر هەموویان بەهێزن بۆ ئاوەدانیی زیاتر و گەشەکردنی گەورەتر لە پایتەختی کوردستاندا، هەر بۆیەش گەشەکردنێکی زۆر بەرچاوی بازرگانی و ئابووری لە هەولێر هەیە و وڵاتانی دنیا و ئەورووپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە رێزەوە دەڕواننە کوردستان بەگشتی و هەولێریش بەتایبەتی وەکو پایتەخت.

*** فڕۆکەخانەی هەولێر وەکو پردێکی بەستنەوەی هەولێر بە دەرەوەی وڵات دوای هەڵگرتنی گەمارۆ، ژمارەی گەشتیارانی تا چەند زیادی کردووتەوە؟**

- یەکێك لە دەستکەوتەکانی حکومەتی کوردستان دروستکردنی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانییە و فڕۆکەخانەکان موڵکی حکومەتی کوردستانن و ئێستا فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر لە رووی ستانداردی سەردەمیانە و رێنوێنییەکان یەکێك لە فڕۆکەخانە باشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و تەرمینالەکەش لە پێشوازیکردن و کاری فڕۆکەخانەییدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدایە و ژمارەو رێژەی گەشتکردن و هاتوچۆ لە کوردستان و لە خەڵکی عێراقیش لە فڕۆکەخانەی هەولێر زۆر باشە و پردێکی گرنگی بەستنەوەی خەڵکە لەگەڵ دەرەوە کە رەنگدانەوەی زۆر و باشی هەیە لە سەر جووڵەی بازرگانی و ئابووری کوردستان و ئاسانکارییەکی دیارە بۆ وڵاتانی دەوروبەر و ئەورووپا و وڵاتانی دۆست و رێکخراوەکان، هەر بۆیە تەنیا حکومەتی کوردستانە چاودێرییەکی زۆر و بەردەوامی لە سەر فڕۆکەخانەکەی هەولێر هەیە هەر کێشە و کەموکوڕییەکەی خزمەتگوزاری و تەکنیکی هەبێت، دەمودەست چارەسەری دەکات.

***کەرتی تەندروستی و پەروەردە وەکو دوو سێکتەرێکی گرنگ لە شاری هەولێر بۆ پێشخستنی چی بۆ دەکرێت؟**

-لەلایەن حکومەتی کوردستان کارو پڕۆژەی زۆر بۆ کەرتی تەندروستی و پەروەردە کراوە، هەر لەدروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و دابینکردنی پێداویستیی قوتابخانەکان و پێداویستی و ئامێری تەکنەلۆژیای تەندروستی سەردەم و پێشکەوتوو، هاوکات حکومەتی کوردستان پاڵپشت و هاوکارو یارمەتیدەری کەرتی تایبەت بووە لە هەردوو سێکتەردا لە کردنەوەی هەموو قۆناغەکانی خوێندن و هاتنی چەندین وڵاتی پێشکەوتوو بۆ کردنەوەی قوتابخانە و لە بواری تەندروستیش چەندین نەخۆشخانەی تایبەت و سەنتەری پزیشکی پێشکەوتوو لە هەولێر ئێستا هەیە، بۆیە ئێستا هەولێر بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ خەڵکی عێراق بۆتە سەنتەرێکی زۆر باش و بەسوود، ئەگەرچی پێشتر لە لای ئێمەوە بۆ چارەسەرو سەردانی پزیشك دەچووینە شارەکانی عێراق وەکو موسڵ و بەغدا، بەپێچەوانەوە ئێستا لە هەموو شارەکانی عێراق لە ناوەڕاست و خواروو بۆ چارەسەرو پشکنین و نەشتەرگەری دێنە هەولێر و سەرەڕای ئەو قەیران و بێ مووچەییە، نەخۆشخانە حکوومی و گشتییەکان لە دەوامی خۆیان بەردەوام بوون و بە ئەرکی مرۆڤایەتی خۆیان هەستان و دەوامیان بایکۆت نەکرد، ئەو داتاو زانیارییانەی کە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر سالانە یان ماوە ماوە بڵاوی دەکاتەوە، کە ئەوە دەردەخات و دڵخۆشکارە کە نەخۆشخانەکان و پزیشك و کارمەندانی تەندروستی چەند هیلاك و ماندوون و چەند شەونخوونی دەگێڕن کە شایانی پێزانین و سوپاسن.

**ئەو هێمنی و ئاسایشەی لە کوردستان بەرقەرارە و پارێزراوە، بەپلەی یەکەم دێت لەوەی کە گەشتیار زیاتر روو لە هەولێر و کوردستان دەکەن**

**ئەو پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەییەی لە کوردستان و هەولێر هەیە، وایکردووە کە گەشتیار زیاتر رووی تیبکەن و ئەم پێکەوەژیانەی کوردستان چاوی وڵاتانی دەرەوەشی لەسەرەو بەهەند و گرنگی دەزانن**



د.محەمەد شەریف
سەرۆکی کۆڕبەندی فیکری ئیسلامی لە کوردستان بۆ گوڵان:

# هیوام ئەوە بوو کتێبی (نوێکردنەوەی هەڵوێستی ئیسلام) ببێتە پڕۆگرامی کۆلێژەکانی شەریعە لە کوردستاندا

## (ماملکت أیمانکم) سوننەتی مرۆڤە و پەیوەندی بە ئایینەوە نییە

## فیقهی ئیسلامی بەشی زۆری دابونەریتی عەرەبییە

**ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی ئایینیی ئیسلام پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە سەرەڕای پابەندبوون بە دەق و فەرمووودەکان و سەرمەشق وەرگرتن لە قورئانی پیرۆز، ئەوا هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە فیقە و فیکر و سیاسەت پێویستیی بە نوێکردنەوە هەیە. د.محەمەد شەریف سەرۆکی کۆڕبەندی فیکری ئیسلامی لە کوردستان، یەکێکە لەو کەسایەتییانە و هەر لەو بوارەشدا کتێبێکی بە ناونیشانی: نوێکردنەوەی هەڵوێستی ئیسلامی لە فیقە و فیکر و سیاسەت (تجديد الموقف الاسلامي في الفقه و الفكر و السياسة) نووسیوە و هیواداریشە وەك سەرچاوەیەك سوودی لێ ببیندرێت، یان بە فەرمی وەك وانەیەك لە پرۆگرامی کۆلێژەکانی شەریعە لە کوردستاندا بخوێندرێت. د.محەمەد شەریف لەم دیمانەیەدا بە شێوەیەکی بابەتییانە ئەو پرسە گرنگە تاوتوێ دەکات، لە بارەی چەند تەوەرێکی پەیوەندیدار بەو پرسەشەوە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.**

*** ئێوە ماوەیەکی زۆرە کارتان لەسەر نوێکردنەوەی هەڵویستی ئیسلام لە فیقە و فیکر و سیاسەت کردووە، هەر ئەمەش ناونیشانی کتێبێکی ئێوەیە، ئایا تاچەند ئەم کارەی ئێوە بایەخی بۆ ئێستای کوردستان هەیە؟**

- پێش هەموو شت دەمەوێت ئەوە بڵێم جیا لەوەی کتێبی نوێکردنەوەی هەڵوێستی ئیسلامی لە فیقە و فیکر و سیاسەت (تجديد الموقف الاسلامي في الفقه و الفكر و السياسة) بە زمانی عەرەبی نووسیومە، لە هەمانکاتدا ئەم کتێبە بۆ زمانەکانی ئازەری و تورکی و رووسیش وەرگێڕدراوە، ئامانجی سەرەکیی من لەم (نوێکردنەوەیە) ئەوە بوو کە ببێتە پرۆگرام لە کۆلیژەکانی شەریعە لە کوردستاندا، زیاد لەمەش ئەم کە کتێبە پێنج دەروازەیە، ئامانجم ئەوە بوو هەر بابەتێکیان ببێتە تێزی نامەیەکی دکتۆرا و دەوڵەمەند بکرێت و ببێتە رۆشنبیرییەکی گشتی لە ناو کۆلێژەکانی شەریعە لە کوردستاندا، بەڵام بەداخەوە ئەمەیان نەکرد، لەبری ئەوەی پشتگیریی ئەم نوێکردنەوەیە بکەن، هاتن ئاستەنگیان بۆ دروستکرد، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە رۆشنبیریی کۆلێژی شەریعە، کولتوورێکی تەقلیدییە و بەرگەی شتی تازە ناگرێت.

*** باستان لە نوێکردنەوە کرد، با بپرسین: ئاخۆ بنەماکانی ئەم نوێکردنەوەی کە باسی دەکەن چین و لەم پرۆژەیەدا پشتتان بە چی بەستووە؟**

- ئەم نوێکردنەوەی کە من باسم کردووە، جیاکردنەوەی باوەڕە (العقيدة) لە حوکمڕانی (الحكم)، لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە کیتاب و سوننەمان هەیە، لەم نوێکردنەوەیەدا من سەرنجم لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) داوە، ئەوانەی کاریان پێ دەکرێت، هەموویان ئەو فەرموودانەن کە یەك لەوی دیکەی گواستۆتەوە کە پێیان دەڵێن: (أحادي)، ئەمەش مانای ئەوەیە یەکلاکەرەوە نین، بۆیە ئەگەر یەکلاکەرەوە و قەتعی نەبن، ناتوانین کاریان پێ بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە بواری یاسا، یا فیقهدا دەبێت پرسەکان بسەلمێنرێن، بۆیە ناتوانرێت بەو شێوازە بسەلمێنرێن، لەمەش زیاتر ئێمە لە زانستی کەلام پێشتر وتوومانە باوەڕ لە فەرموودەکان جێگر نابێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە باوەڕ دەبێت یەقین بێت، ئەوەی جێگەی سەرسامییە، ئەوەیە

کە ئێستا بایەخ بە زانستی کەلام نادرێت، هەر بۆیە مەلاکانی ئێستا لەبەرامبەر ئەو پرسانە دەستەوەستان ماون، لەبەر ئەوەی زانستی کەلام وەك پێویست ناخوێنن، خۆشتان دەزانن، زانستی کەلام تیکەڵە لەگەڵ لۆژیك و فەلسەفە.

*** ئەگەر زانستی کەلام هێندە گرنگە، بۆچی ئێستا وەك وانە ناخوێندرێت؟ یان بۆچی وەك پێویست بایەخی پێ نادرێت؟**

- ئێستا تەنیا شتێکی رووکەشی لێ دەخوێندرێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو مەلا زانایانەی پێشتر هەبوون، ئێستا ئەو جۆرە مەلایانە نەماون، پێشتر یەکێك لە زانستە گرنگەکانی ئەوەی پێی دەگوترێت ١٢ عیلم، زانستی کەلام بوو، مەلاکان بایەخیان پێدەدا، لەو مەلایانەی کە لە زانستی کەلام زۆر شارەزا بوون، دەکرێت وەك نموونە ئاماژە بە (مەلا بەکری کۆیە، مەلا ساڵحی کۆزەپانکە، شێخ مستەفا نەقشبەندی، مەلا فەندی، باوکم و مەلا تەیب و.. هتد) بکەین، بۆیە کاتێك زانستی کەلام پشتگوێ دەخرێت، هێزی تەفسیریش سنووردار دەبێت.

*** بەڵام باس لەوە دەکرێت بەشێکیان بەهیچ جۆرێك باوەڕیان بە زانستی کەلام نییە، ئایا ئەمە بواری تەفسیر و تەئویلی سنووردار نەکردووە؟**

- بەشێك لە سەلەفییەکان دەڵێن: ئەوەی لۆژیك و زانستی کەلام بێت، بێ باوەڕ دەبێت (من تمنطقە تزندقە) ئەمەشیان لە ئیمامی شافیعی گواستۆتەوە، بەڵام مەلاکانی کوردستان لەگەڵ ئەوەشی شافیعی بوون، زۆر خەریکی لۆژیك و زانستی کەلام بوون، دیارە لۆژیك و زانستی کەلامیش فیکرە، یاریدەدەرە بۆ تەفسیر و تەئویل، ئێمە یەکەم وانە کە لە زانستی کەلام خوێندوومانە ئەوە بووە کە هەقیقەتی شتەکان نەگۆڕە (الحقائق الاشیاء الثابتة)، ئەمەش راستە، دەڵێن (شت) هەیە، بەڵام ئەگەر ئەمە نەسەلمێندرێت، هیچ سوودێکی نابێت و کاری پێ ناکرێت، بەڵام ئێستا تەنیا کار بەر رووکەش دەکرێت، بۆیە هەقیقەت لە گۆڕێ نییە.

*** با بگەڕێینەوە سەر ئەو جیاکارییەی لە نێوان باوەڕ (العقیدة) و حوکمڕانی (الحکم) کردووتانە، باسی ئەوەتان کرد، چۆن باوەڕ بە فەرمووده جێگیر نابێت، حوکمیش بە فەرمووده جێگیر نابێت، ئایا بۆ جێگیر نابێت؟**

- فەرموودەی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت)، ئەگەر جێگریش بێت، مولزەم نییە، بەڵکو رێنمایی و ئیرشادە، هەر بۆیە کە باسی سەرچاوەی یەکەمی ئیسلامیش دەکەین، دەڵێین بریتییە لە (کیتاب و سوننە)، بەڵام لە قورئاندا دەڵێت: (کیتاب و لۆژیك و لە ١١ ئایەتدا هاتووە و دەفەرموێت: (وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ)، ئەوجا من کە ئەم نویکردنەوەیەم نووسی، ئاماژەم بەوە کردووە کە مەبەست لە (کیتاب)، قورئانە، ئەم قورئانە ئەو ئەحکامانەی تێدایە کە بە ئەقڵ نازانرێت، وەك رۆژی دوایی، مەحشەر، غەیب، ئەمانە ناتوانرێت بسەلمێنرێن و دەکەوێتە سەر هەستی باوەڕدارەکە و تێگەیشتنی ئەو کەسە، هەر بۆیە لە قورئاندا دەفەرموێت: (مَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ)، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر دەتەوێت باوەڕدار بە، ناتەوێت کەیفی خۆتە. بۆیە لە قورئاندا هاتووە (لا إكراه في الدين)، لە بەرامبەر ئەمەدا لۆژیك (الحكمة)، بریتییە لەو پرسانەی کە دەتوانی بە ئەقڵ بیسەلمێنیت، ئەمەش لە ئایەتێکدا لە سورەتی (النساء) هاتووە کە دەفەرموێت: (ذَٰلِكَ مِمَّا أَوْحَىٰ إِلَيْكَ رَبُّكَ مِنَ الْحِكْمَةِ)، واتە خوا لۆژیکی داوە بە تۆ، کە باسی نموونەکانیش دەکات، دەبینین ئەو نموونانە لە ئاستی ئەقڵی بەشەردان و غەیب نین، هەتا پێویستیان بە قورئان هەبێت، هەر بۆ نموونە داوا دەکات بەفیڕۆدان (التبذير) خراپە، یان بە فیز بە سەر زەویدا مەڕۆ (وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا * إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الْأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولًا)، بۆیە ئەمە لۆژیکە و هەموو کەس دەیزانێت و لە ئاستی ئەقڵی بەشەردایە. سەبارەت بەم لۆژیکەش ماوەیەکی زۆر لە هەموو تەفسیرەکان بە شوێنیدا دەگەڕام و دەمگوت، زۆر زەحمەتە بۆ کەسێکی وەك من کە ئەم تیۆرە لە قورئان دەربهێنم و پێش من کەسی دیکە ئاماژەی پێ نەکردبێت، لەمیانەی ئەم گەڕانەمدا بینیم، ئەبو راغبی ئەسفەهانی کتێبێکی هەیە، کە بەردەوام ئیمامی غەزالی ئەم کتێبەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، ئەبو راغب لەو کتێبەدا دەفەرموێت: مەبەست لەو سوورەتەی کە دەڵێت: (ویعلمکم الله الکتاب

**ڕۆشنبیری کۆلێژی شەریعە، کولتوورێکی تەقلیدییە و بەرگەی شتی تازە ناگرێت**

**باوەڕ لە فەرموودەکان جێگر نابێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە باوەڕ دەبێت یەقین بێت، ئەوەی جێگەی سەرسامییە، ئەوەیە کە ئێستا بایەخ بە زانستی کەلام نادرێت، هەر بۆیە مەلاکانی ئێستا لەبەرامبەر ئەو پرسانە دەستەوەستان ماون، لەبەر ئەوەی زانستی کەلام وەك پێویست ناخوێنن**

**ئیبن روشد سەبارەت بە یاسا دەڵێت: یاسا دوو بەشە، بەشێکیان «وەحی»یە و لە خواوە هاتووە، ئەویش لە قورئاندا نووسراوە، بەڵام بەشەکەی دیکەی لە پرانسیپە زانراوەکانی هەر نەتەوەیەکدا لەناو نەتەوەکاندا هەیە**

و الحكمة) ئەوەیە، هەندێك پرس غەیبە و لە قورئاندا نووسراوە، ئەوی دیکەی لۆژیکە (الحكمة)، ئەوجا ئەو لۆژیکە لە قورئاندا بێت، یان لە سوننەتدا بێت، یان کەسێکی ئاسایی بیڵێت، هەمووی یەك شتە و جیاوازی نییە، ڕاشکاوانەتر لۆژیك بەرهەمی ئەقڵە، لەمبارەوەیە ئیبن روشد سەبارەت بە یاسا دەڵێت: یاسا دوو بەشە، بەشێکیان «وەحی»یە و لە خواوە هاتووە، ئەویش لە قورئاندا نووسراوە، بەڵام بەشەکەی دیکەی لە پرانسیپە زانراوەکانی هەر نەتەوەیەکدا لەناو نەتەوەکاندا هەیە، هەر بۆ نموونە: ئەو پرانسیپانەی کە هەموو نەتەوەکان باوەڕیان پێیەتی (ئاشتی)یە، بۆیە هەموو نەتەوەیەك ئاشتی لە شەڕ پێ باشترە، ڕاشکاوانەتر ئەمە پرانسیپی مرۆڤایەتییە، هەروەك چۆن ئەوەی لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، هەمووی ئەو پرانسیپانەیە کە هەموو نەتەوەکان باوەڕیان پێیەتی، لەسەر ئەمە من لیکۆڵینەوەیەکم کرد، چۆن ئەم جاڕنامەیە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، لە کاتێکدا کە ئیمزای لەسەر کراوە لەلایەن ستالین کە سەرکردایەتیی یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد، کۆماری چینیش بە هەمان شێوەی یەکێتی سۆڤیەت بوو، لە کاتێکدا کە ململانێی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و بلۆکی کۆمۆنیستی لەو پەڕیدا بوو، بەڵام هەردوو لایەن لەسەر پرانسیپەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ ڕێککەوتن و ئیمزایان کرد، لەمەدا مەبەستم ئەوەیە ئەقڵ بەسە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئەحکامانەی کە حوکمڕانیی مرۆڤایەتی پێدەکرێت. هەر بۆیە ئەوەی من لەو کتێبە جەختم لەسەر کردۆتەوە، ئەوەیە کە ئێمە قورئانمان پێویستە بۆ ئەو پرسانەی غەیبن و بە ئەقڵ ناسەلمێندرێن، بۆیە من هاتووم لە کتێبەکەمدا لەسەر (ما ملكت أيمانكم) ڕاوەستاوم، بەڵام بەتەواوەتی لێکدانەوەم بۆ نەکردووە، ئەمەش لە ترسی ئەوەیە نەك بەوە تاوانبار بکرێم، دژی ئیسلام نووسیومە، پێشتر (ما ملكت أيمانكم) بۆ ئێمە کێشەیەکی گەورە بوو، بۆیە زۆر کارم لەسەر کردبوو، بەشێکی باشم لێ حەل کردبوو، بەڵام بەشێکیشی لە توانای مندا نەبوو، بۆ ئەم پرسە چەند جارێك لەگەڵ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دانیشتم و داوام لێکرد، ئەمەم بۆ تەفسیر بکات، بەڵام ئەو هەرچی گوت، من گوتم ئەوە دەزانم، بەس قەناعەتم پێی نییە، لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی نییە.

*** وەك باستان کرد، دیارە گەیشتوونەتە باوەڕەی: (ما ملكت أيمانكم)، دەکرێت شیکاری زیاتر بۆ ئەو بڕوایە بکەن؟**

- ئەوەی ئێستا من بۆم دەرکەوتووە (ما ملكت أيمانكم)، سوننەتی مرۆڤە، سەبارەت بەمە ئایەتێك لە سوورەتی (النساء) هەیە، بەداخەوە کەس ئاماژەی پێ نەکردووە کە دەفەرموێت: (يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ)، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوەی لە قورئاندا هاتووە سەبارەت بە تەشریع و ئەحکام، پێشتر نەریتی مرۆڤ بووە، واتە مرۆڤ دایڕشتووە و یاسای نەتەوەکان بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو تەشریع و ئەحکامانە هەبوون، بەڵام ئیسلام هاتووە ئەمانەی ڕێکخستووە و ئەوانەی ڕێکوپێك نەبوون، ڕێکیخستوون، کتێبی (ضبط النصائح و جدلا) پرسیاری ئەوە دەکات، ئایا پێغەمبەر (د.خ) لە سەر چ بنەمایەك حوکمڕانی کردووە؟ ئەو دەڵێت: حوکمڕانی بە دابونەریتی عەرەبی کردووە، بەشی زۆری فیقهی ئیسلامیش بناخەکەی دابونەریتی عەرەبییە، بۆیە مەبەست لە یاسا، ڕێکخستنی ژیانی خەڵکە، ئەوجا ئەگەر ئەو یاسایە توانیبێتی ژیانی ئەو خەڵکە ڕێکبخات و کەس لاریی لەو یاسایە نەبووبێت، ئەوا ئەو یاسایە پڕ بە پێستی ئەو سەردەمەی خۆیەتی.

*** ئەوەی لە قسەکانتان تێگەیشتین، ئەوەیە کە (ماملكت أيمانكم) یاسای نەتەوەکانە و یاسای پەروەردگار نییە، ئایا تێگەیشتنەکەمان دروستە؟**

- بەڵێ، (ماملكت أيمانكم) یاسای نەتەوەکانە و یاسای خوا نییە، بۆ نموونە ئێستا مەلا هەن، ئەوەی داعش بە ئێزیدییەکانی کرد، لای شتێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی فیقهی ئیسلامی وا دەڵێت، فیقهی ئیسلامی دەڵێت دەبێت تۆ پەلامار بدەیت واتە ( غەزو) بکەیت، بەڵام ئەم پەلاماردانە (غەزو) نەریتێکی عەرەبی سەردەمی جاهیلییەتە و هەتا بەستنی پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەم نەریتە لەناو مرۆڤدا هەبووە، بۆیە (ماملكت

**مەبەست لە یاسا، ڕێکخستنی ژیانی خەڵکە، ئەوجا ئەگەر ئەو یاسایە توانیبێتی ژیانی ئەو خەڵکە ڕێکبخات و کەس لاریی لەو یاسایە نەبووبێت، ئەوا ئەو یاسایە پڕ بە پێستی ئەو سەردەمەی خۆیەتی**

**خەلیفەی عوسمانییەکان یاسای دانراوی داهێناوە، نەک عەلمانییەکان، ئەگەر سەرنج بدەین (مسألە الاحکام العدلیة) کە یاسا بووە و ١٥٠ ساڵ پێش ڕووخانی عوسمانییەکان کاری پێکراوە، ئەمە دەقی یاسای سزادانی سویسریە کە کاریان پێکردووە**


**ئێستا بە هاوکاریی وەزارەتی ئەوقاف و ڕۆڵی د.پشتیوان سادق کە وەزیری ئەوقافە بەوەکالەت، کارێکی باشی کردووە کە خولی بۆ مەلاکان کردۆتەوەو لەو خولانەدا من وانەی فیکریان پێدەدەم، مەلاکانیش بەو خولانە خۆشحاڵن، بۆ ئەوەی لانیکەم تێیانبگەیێنین ئەو شتانەی لەگەڵ سەردەم ناگونجێت، لێیان دوور بکەونەوە**

أيمانكم) نەریتە و ئایین نییە، تەنانەت بۆ پشتگیریی ئەم قسەیەش، کەسێکی وەك ئەرستۆ کە ئێمە لە زانستی کەلام بە لوتکەی ئەقڵی دادەنین، پێی وابووە کە تەنیا پێویستە یونانییەکان ئازاد بن و بەربەرەکان کۆیلە بن.

*** ئێوە دەزانن، هەموو زانایانی ئایینی ئیسلام، باوەڕیان بەوەیە کە حوکم تەنیا بۆ خوایە (ان الحكم الا لله)، بەڵام ئێوە دەڵێن (ماملكت أيمانكم) یاسای مرۆڤە و پەیوەندی بە ئایینەوە نییە، ئایا ئەمە خۆی ئیشکالیەت نییە؟**

- مەسەلەی حوکمڕانی، یان حاکمییەت لە زەمانی ئیمامی عەبدەوە کێشەیەکی گەورەیە، هەر بۆ نموونە هەتا چەند ساڵێك پێش ئێستا لە ئەدەبیاتی سعودیە ئەو پرسیارە هەبووە کە کافر کێیە؟ ئەوان دەیانگوت، کافر ئەو حاکمانەن کە بە یاسای دانراو حوکمڕانی دەکەن، ئێستا ئەوانیش ئەمەیان لابردووە، کەواتە ئەوان لەسەر ئەو بنەمایە ئەوانە کافر دەکەن کە لە قورئاندا هاتووە، حوکمڕانی تەنیا بۆ خوایە (ان الحكم الا لله). لەسەردەمی ئیمامی عەلی هەر لەسەر ئەم بنەمایە خەواریجەکان جیابوونەوە و گوتیان: تۆ مرۆڤی، چۆن تەحکیم دەکەیت؟ حوکم تەنیا بۆ خوایە. لەسەر ئەمە بەشەڕهاتن و ئیمامی عەلی گوتی: (كلمة الحق يراد بها الباطل)، واتا قسەیەکی هەقە، بەڵام دەیانەوێت ناهەقی بەو قسەیە بکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئێمە چی دەڵێین و چۆن ئەو کێشەیەمان چارەسەرکردووە؟ ئێمە لە کتێبی نوێکردنەوەی هەڵوێستی ئیسلامی، دەڵێین: حوکم بۆ خوایە، بەڵام حوکم دوو بەشە، یەکەمیان حوکمی تەکوینی، واتە ئێمە ئێستا دەژین و هەناسە دەدەین و جووڵە دەکەین، ئەمانە هیچی مرۆڤ بۆ خۆی نایکات و خوا دەیکات، یاساش ناتوانێت جووڵەی هەناسە و هەرس و لێدانی دڵ و.. هتد ڕێکبخات، بەڵام حوکمێکی دیکە هەیە، حوکمێکی تەشریعییە، دیارە خوا بۆیە مرۆڤی کردۆتە خەلیفەی خۆی، تا خۆی بتوانێت خۆی بەڕێوەبەرێت و تا بزانێت چۆن خۆی بەڕێوەدەبات، بۆیە کتێبەکەی ئێمەش هەر دەڵێت: (ان الحكم الا لله)، بەڵام حوکمی تەکوینی نەك تەشریع و ئیدارە. بێگومان





**هەروەک چۆن بەم دواییە هێزەکانی عێراق هێرشیان کردە سەر هەولێر و پێشمەرگە بەرگری کرد، ئەوەی پێشمەرگە کردی، جیهاد بوو، بەڵام غەزو ئەوەیە کە داعش پەلاماری شنگالی داو ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکان هێنا**

**یاسای ئیسلامی لەلایەن مامەڵەی داراییەوە زۆر لە یاسای رۆمانی پێشکەوتووترە، بەڵام بۆ ئێستا یاسای مەدەنی پێشکەوتووترە، ئەمە مانای ئەوە نییە یاسای مەدەنی لە فیقهی ئیسلامیدا نییە**

**کەس لە دونیا نازانێت، کێ دەچێتە بەهەشت و کێ دەچێتە دۆزەخ، تەنانەت پێغەمبەرانیش لە خۆیان ترساون، چونکە بڕیاری رۆژی دوایی تەنیا و تەنیا لە دەستی خودایە**

زمانی عەرەبی زمانێکی دەوڵەمەندە و بە درێژایی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ بەشی زۆری نەتەوەکانی جیهان بە نەتەوەی کوردیشەوە خزمەتی زمانی عەرەبییان کردووە، بۆیە دەبێت بە تەواوەتی لە مانای دەقەکە تێبگەین، لەمبارەوەیە نموونەیەکی دیکە باس دەکەم کە یەعقووبی پێغەمبەر (خ.ل) لە سوورەتی یوسفدا بە کوڕەکانی دەڵێت: (لَا تَدْخُلُوا مِن بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُّتَفَرِّقَةٍ * وَمَا أُغْنِي عَنكُم مِّنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ * إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ)، واتە بە کوڕەکانی دەڵێت: لە دەرگای جیاوازەوە بچنە ناو میسر، نەك لە یەك دەرگاوە، هەروەها پێیان دەڵێت: من هیچ شتێکم بەدەست نییە، بەڵکو حوکم تەنیا بۆ خوایە. بۆیە لە سێ شوێندا باس لە (ان الحکم الا لله) کراوە، بەڵام نازانم بیریان لێ نەکردۆتەوە.

*** ئایا وەك بیرمەندێکی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی بە یاسای دانراو حوکمڕانی بکرێت؟**

- بێگومان من لەگەڵ یاسای دانراوم، لەبەر ئەوەی ئەمە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، با بپرسین: ئایا خەلیفەی عوسمانییەکان بە چی حوکمڕانی کردووە؟ بێگومان خەلیفەی عوسمانییەکان یاسای دانراوی داهێناوە، نەك عەلمانییەکان، ئەگەر سەرنج بدەین (مسألة الاحکام العدلیة) کە یاسا بووە و ١٥٠ ساڵ پێش رووخانی عوسمانییەکان کاری پێکراوە، ئەمە دەقی یاسای سزادانی سویسریە کە کاریان پێکردووە.


*** ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە کوردستان، ئەوەی دەبینین پێشتر لە دەرەوەی کوردستان تیرۆریستانی داعش دزەیان دەکردو دەهاتنە کوردستان، بەڵام ئێستا لەناو کوردستاندا تیرۆریستی داعشی دروست دەبن، ئایا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە دەبێت چی بکرێت؟**

- هەتا پڕۆگرامی خوێندنی ئیسلامی و کۆلێژی شەریعە بەم شێوەیەی ئێستا بێت، ئەم مەترسییە (دروستبوونی داعش و فیکیری ئیرهابی لە ناوخۆدا) هەر بوونی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە خوێندنی ئیسلامی و کۆلیژی شەریعە ئەو فیقهە دەخوێندرێت کە لەسەرت واجب دەکات، بچیت غەزو بکەیت، واتە پەلامار بدەیت و جیاوازی لە نێوان موسڵمان و غەیرەموسڵمان بکەیت، ئەمە لە کاتێکدا بەخشندەیی خوا جیاوازیان ناکات و دەفەرموێت: (وَمَا كَانَ عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا)، هەروەها نابێت بە زۆر کەس بێنیتە سەر ئایینەکەت، لە قورئاندا دەفەرموێت: (وَلَئِنْ أَتَيْتَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ بِكُلِّ آيَةٍ مَّا تَبِعُوا قِبْلَتَكَ * وَمَا أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ*) لەم ئایەتەدا خوا بە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ئەگەر هەموو بەڵگەیەك بۆ جوو بهێنیتەوە شوێن تۆ ناکەون و روو ناکەنە قیبلەکەی تۆ، تۆش روو ناکەیتە قیبلەی ئەوان، دیارە لەم ئایەتەدا قیبلە بەمانای رۆشنبیری و شارستانی هاتووە، بۆیە باشترە هەر کەس لە سەر ئایینی خۆی بێت و ململانێی خێری یەکتری بکەن (اسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ * أَيْنَ مَا تَكُونُوا يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا).

*** ئایا ئێوە وەك کۆڕبەندی فیکری ئیسلامی تاچەند توانیوتانە کاریگەریتان لەسەر مەلاکان هەبێت، لانیکەم لەسەر شێوازی گوتارەکانیان لە رۆژی هەینیدا؟**


- ئێستا بە هاوکاریی وەزارەتی ئەوقاف و رۆڵی د.پشتیوان سادق کە وەزیری ئەوقافە بەوەکالەت، کارێکی باشی کردووە کە خولی بۆ مەلاکان کردۆتەوەو لەو خولانەدا من وانەی فیکریان پێدەدەم، مەلاکانیش بەو خولانە خۆشحاڵن، بۆ ئەوەی لانیکەم تێیانبگەیێنین ئەو شتانەی لەگەڵ سەردەم ناگونجێت، لێیان دوور بکەونەوە، هەر بۆ نموونە لە ئێستا کتێبی فیقهی وا چاپ دەکرێت، وەك ئەوەیە سەردەمی کۆیلە و سەردار بێت، کتابی (العتق) هەر باسی کۆیلە دەکات، کە ئەوان پێشتر وایان زانیوە ئەمە بەشێکە لە ئیسلام، بۆیە ئێمە بۆیان شی دەکەینەوە کە ئەوە ئایین نییە، بەڵکو ئەوە نەریتی سەردەمێکە، چونکە خوا دەفەرموێت: (سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ) کەواتە ئەمە سوننەتی مرۆڤە، تەنانەت پێغەمبەریش (د.خ) هەوڵیدا ئەمە نەهێڵێت، بەڵام پێی نەکرا، چونکە یاسای ئەو سەردەمە بووە، هەروەها کتێبی (المناهج)ی ئیمامی شافعی کە لەرووی خواپەرستییەوە شتی باشی تێدایە، بەڵام کە دێتە سەر رۆژی دوایی تێیدا هاتووە (واجبە لەسەر هەر موسڵمانێك کە پەلامار بدات، واتە (غەزو) بکات، بێگومان غەزوش یەعنی تاڵانکردن، ئەم کتێبە لەلایەن

مەلایەك لە كوردستانەوە وەرگێڕداوەتە سەر زمانی كوردی بە كوردییەكی زۆر جوانیش وەریگێڕاوە، دیارە ئەویش گوناهی نییە كە هەر بە «غەزو»ی بەكارهێناوەتەوە، بەڵام لانیكەم دەیتوانی بنووسێت «جیهاد واجبە» لەبەر ئەوەی جیهاد بەرگری لە خۆكردنە (دفاع النفس)ە، هەروەك چۆن بەم دواییە هێزەكانی عێراق هێرشیان كردە سەر هەولێر و پێشمەرگە بەرگری كرد، ئەوەی پێشمەرگە كردی، جیهاد بوو، بەڵام غەزو ئەوەیە كە داعش پەلاماری شنگالی داو ئەو كارەساتەی بەسەر ئێزیدییەكان هێنا.




*** ئێوە وەك كۆڕبەندی فیكری ئیسلامی راتان لەسەر ئەو كتێبانە چییە؟**

- ئێمە پێمانوایە لەگەڵ ئەم سەردەمە ناگونجێن، پێمانوایە هەرچی پەیوەندی بە پەیوەندی نێوان نەتەوەكانەوە هەیە، پەیماننامەی نەتەوەیەكگرتووەكان رێكیخستووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە باشتر و گونجاوترە، خواش دەفەرموێت باشتر هەڵبژێرن (وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ)، هەروەها یاسای ئیسلامی لەلایەن مامەڵەی داراییەوە زۆر لە یاسای رۆمانی پێشكەوتووترە، بەڵام بۆ ئێستا یاسای مەدەنی پێشكەوتووترە، ئەمە مانای ئەوە نییە یاسای مەدەنی لە فیقهی ئیسلامیدا نییە، بەڵكو رێكخستنی فیقهی ئیسلامییە.




*** با دواپرسیارمان ئەوە بێت: راسپاردەتان چییە بۆ ئەوەی نوێگەریی ئایینی سەركەوتوو بێت؟**

من دەڵێم، موسڵمان چۆن تەماشای ئایینەكەی خۆی دەكات، بە هەمانشێوە دەبێت رێز لە ئایینی بەرامبەری بگرێت. پێویستە بزانن هیچ ئایینێك بۆی نییە لێپرسینەوە لە ئاینێكی دی بكات، یان بڵێت من دەچمە بەهەشت و تۆ دەچیتە دۆزەخەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە قورئاندا هاتووە، خاوەنی رۆژی دوایی تەنیا هەر خوایە (مالك اليوم الدين) بۆیە كەس لە دونیا نازانێت، كێ دەچێتە بەهەشت و كێ دەچێتە دۆزەخ، تەنانەت پێغەمبەرانیش لە خۆیان ترساون، چونكە بڕیاری رۆژی دوایی تەنیا و تەنیا لە دەستی خودایە.

# ئیسلامی ئەڵمانی

دواجار ئەڵمانیاش هاتە سەر ئەو رایەی کە تێگەیشتنی ئەڵمانییانە بۆ ئیسلام پێویستە لە ئەڵمانیادا، نەك تێگەیشتنی هاوردەکراو، بۆیە بەپێی سایتی پۆلیتیکۆی ئەوروپی (مارکۆس کاربێر)ی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی ناوبراو لە رۆژی دووشەممە بەرواری ٢٠١٨/٩/٣ دا رایگەیاند: «دەبێت زەمینەی گفتوگۆ لەگەڵ هاووڵاتیانی موسڵمان لە ئەڵمانیا بڕەخسێنرێت، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی ئیسلامێکی ئەڵمانی بێتەئاراوە.» هەروەها رایگەیاندووە کە «پێویستە هاوکاریی موسڵمانانی ئەڵمانیا بکەین، بۆ ئەوەی ئایینێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت.» کە مەبەستی ئیسلامێکە بە تێڕوانینێکی ئەڵمانییانە.

من بەش بەحاڵی خۆم ئەم لێدوانەم زۆر پێ خۆش بوو، چونکە راستیی ئەو قسەیەی خۆم دەسەلمێنێت کە ١١ یازدە ساڵ لەمەوبەر نووسیم لەبارەی ئەوەی کە ئیسلام دەبێت خۆماڵی بکرێت لە کاتی پیادەکردندا، دواتریش زۆر کەسایەتی دیکەی جیهان هەمان راوبۆچوونیان دەربڕی.

یەکەم: من لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٧ لەژێر مانشێتی: (لە نیشتمانی ئیسلامەوە بۆ ئیسلامی نیشتمانیی)دا گوتم: (ئیسلامی جیهانی تەنیا ئەو ئیسلامەیە کە لە قورئان و بەشێکی فەرموودەی راستدا هاتووە و، ئەوی دی ئیسلامی شوێن و کات و کەسانی ئەو شوێن و کاتەیە، هەر لەبەر ئەمەش نابێت قسە و لێکدانەوەی هیچ بیرمەندێك کە بۆ شوێن و کات و کەسانی خۆی قسەی کردووە، بکرێتە بۆچوونێکی جیهانی و گشتی و بەسەر کەس و شوێن و زەمانی دی پیادە بکرێت، چونکە گشتاندنی لۆکاڵ بەسەر گلۆباڵدا، یان بەش بەسەر هەمووددا، کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە). بڕوانە هەفتەنامەی یەکگرتوو ژمارە (٦٥٤)، بەرواری ٢٠٠٧/٨/٢٨

دووەم: دواتر ئەو ئیسلامە نیشتمانییەم ناونا بە ئیسلامی کوردی و لە هەفتەنامەی میدیادا نووسیم: (ئەگەر تەماشای ئەو ئەزموونانە بکەین کە لە دەوروبەرماندا هەن، دەتوانین ئیسلامی لەسەر پۆلێن بکەین. ئیسلام وەکو ئایین یەك ئایینە، بەڵام لە رووی کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات، ئایا کامیان فۆرم و شێوە بە کامیان دەدات؟ ئایا ئیسلام شێوە بە کۆمەڵگە دەدات، یان بەپێچەوانەوە؟ ئیسلام شێوە بە کۆمەڵگە دەدات لە رووی بنەما گشتییەکانەوە، وەك راستگۆ بە، درۆ مەکە، لەگەڵ خەڵکدا چاك بە و.. هەموو ئەمانە بنەما گشتییەکانن کە ئیسلام دەیداتە کۆمەڵگەکە، بەڵام دواجار کۆمەڵگە شێوە بە ئیسلام دەدات لە رووی پراکتیکەوە. واتە ئیسلام داوای لە هەموو خەڵك کردووە، پۆشتە بن، بەڵام دواجار شێوازی ئەم پۆشتەبوونە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێ، واتە هەر کۆمەڵگەیەك جلوبەرگی میللیی خۆی هەیە، نەك ئیسلام بێت و یەك جۆر جلوبەرگ بەسەر هەموو ژن و پیاوەکانی دنیادا بسەپێنێ.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ، لە رووی بیروبۆچوونەکانەوە ئیسلام شێوە بە کۆمەڵگەیەك دەدات، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە کۆمەڵگەکە شکڵ بە ئیسلام دەدات، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانیت ئەو پۆلێنە بکەی کە ئیسلامی ئەوروپی جیاوازە لە ئیسلامی ئاسیایی، ئیسلامی عەرەبی جۆرێکە و هی ئەفغانی، یان ئێرانی جۆرێکە، هەر



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

لەبەرئەمەش من بە رای تایبەتیی خۆم حزەدەکەم شتێك هەبێ بە ناوی «ئیسلامی کوردی»، ئەم ئیسلامە چ جۆرێکە؟ ئەوەیە کە خەڵکەکەی کوردن، بیرکردنەوەیان کوردییە، لەسەرخاکی خۆیان کە کوردستانە بیردەکەنەوەو دەڵێن ئەم ئیسلامە لەم سەدەی بیست و یەکە لەم شوێنەی پێی دەگوترێ کوردستان، من وەکو کوردێك چۆن لێی تێبگەم و چۆنی شی بکەمەوە). بڕوانە هەفتەنامەی میدیا ژمارە (٣٠٩) بەرواری ٢٠٠٧/١٠/٢

سێیەم: دواتر لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨، بابەتێکم نووسی بەناوی (ئیسلامیی ئەندەلوسی) کە تیایدا گوتبووم : (ئیسلامی ئەندەلوسی ناسراو بوو بە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی جیاوازەکان و حەزکردن لە موسیقاو شیعرو ئاوازو، بایەخدان بە زانست و خۆشویستنی سرووشت و پاکوخاوێنی و ژینگەپارێزی و خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی و جوانپۆشی و ئازادیی ئافرەت.. هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئیسلام لە ژینگەی کراوەداو لای خەڵکی کراوە، ئیسلامێکی کراوە دەبێت و، لای خەڵکی دواکەوتووش و لە ژینگەی دواکەوتوودا ئیسلامێکی داخراو و تەسکبین دەبێت). بڕوانە هەفتەنامەی یەکگرتوو، ژمارە (٦٨٠) بەرواری ٢٠٠٨/٣/١١

چوارەم: لەگەڵ تێپەربوونی کات و لەگەڵ دەرکەوتنی زیاتری پیادەکردنی توندڕەوانەی ئایینی ئیسلام و، هەناردەکردنی ئیسلامی عەرەبی بۆ دەرەوەی جیهانی عەرەبی، زۆرێك لە بیرمەندان و سەرکردەکانی جیهانیش کەوتنە داواکردنی ئیسلامی خۆماڵی لە وڵاتەکانیاندا نەك ئیسلامی هاوردەکراو، بۆ نموونە:

١- (ئەحمەدی نەژاد) سەرۆکی ئێران لە هەڵمەتەکانی بانگەشەی بۆ جاری دووەمی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا، گوتی: ئیسلامی ئێرانیمان دەوێت.

٢ - (نیکۆلا سارکۆزی) سەرۆکی فەرەنسا لە شوباتی ساڵی ٢٠١١ دا لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا وتی: ئیسلامان ناوێت لە فەرەنسا، بەڵکو ئیسلامی فەرەنسیمان دەوێت.

٣ - (مەهدی بن مالك)ی ئەمازیغی: لە دیدارێکیدا لەبەرواری ٢٠١٦/٩/١٩ دا، وتی: (هەتا کەی رەوتەکانی ئیسلامیی عرووبی کۆنترۆڵی عەقڵی خەڵك بکات و، بە ئاراستەی پیرۆزکردنی رۆژهەڵاتی عەرەبی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی هانیان بدات و، دابونەریتەکانی ئێمەش بە کوفر بزانێت و، ئیسلامیی ئەمازیغی ئێمەش بە رووکەش بناسێنێت؟)

٤ – (ئەنتۆنیۆ تاجانی) سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانی ئەوروپا لە بەرواری ٢٠١٧/٩/١٠ لە میونستەر لە ئەڵمانیا لە کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمەڵەی سانت ئیدیجیۆ – کە خۆم لەوێ بەشداربووم تیایدا - وتی: لە ئەوروپا ئیسلامیی ئەوروپیمان دەوێت.

٥ – هەر لەم بارەوە هەفتەی رابردووش (مارکۆس کێربەر) وەکیلی وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا لە لێدوانێکدا بۆ سایتی (پۆلیتیکۆ)ی ئەوروپی لەبەرواری ٢٠١٨/٩/٣ دا، وتی : ئێمە (ئیسلامی ئەڵمانی)مان دەوێت.

بۆ بینینی قسەکانیشی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.politico.eu/article/we-need-a-german-islam-says-interior-ministry-markus-/kerber-chemnitz-far-right-protests



دەنیس هەیڵ زانایەکی سیاسیی ئەمریکییە و پڕۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە کۆلێژی بۆستن، چەندین توێژینەوەی هەیە لەبارەی فیکری سیاسیی ئەمریکا و ئەزموونی نوێی هاوولاتیبوون، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك بنەماکانی سیاسەت و سیاسەتی هاوچەرخ، هەروەها بایەخ بە سیاسەتی هاوچەرخی ئەمریکا دەدات. گولان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بەو تەحەددییانەی رووبەڕووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوونەتەوە، لەگەڵ ئەو شێوازە نوێیەی ئەم ئیدارەیە کە ئیدارەی سیاسەتی دەرەکی دەکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە بەکارهێنان و گرتنەبەری فشار و رێکاری ئابووری وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیپلۆماسییەکان و پرسی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکە، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانەی تایبەت

دەنیس هەیڵ
پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆردا سیاسەتێکی گشتگیری نییە

*** هەروەك دەزانن سیاسەتە دەرەكییەكەی ترەمپ مایەی مشتومڕێکی زۆرەو بگرە هەندێ کەس بە سەرسوڕمانەوە لێی دەڕوانن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بە تێڕوانینی ئێوە قورسترین و دژوارترین ئەو تەحەددییانە چین کە رووبەڕووی ئەم ئیدارەیە دەبنەوە لە پەیوەندی بەو سیاسەتە دەرەكییەی گرتوویەتیەبەر؟**

- ئەوەی پەیوەندی بەو تەحەددییانەوە هەبێت، ئەوا دەتوانم سەرەتا ئاماژە بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ چیندا بکەم، کە هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا وڵاتی چین هەوڵی ئەوە دەدات زۆنێکی گەشەکردوو لە کیشوەری ئاسیا دروست بکات و لەم رووەوە خۆی جڵەوی ئەم دەستپێشخەرییەی لە دەستدا بێت، مەبەستم ئەوەیە تەحەددییەکە ئەوەیە ئەمریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات؟ کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی راستەقینەیە. یەکێکی دیکە لەو تەحەددییانەی رووبەڕووی ئەم ئیدارەیە بۆتەوە، بریتیە لەو پشێوییەی لە سووریادا هەیە، لەگەڵ ئەگەری درێژەکێشانی نائارامی و ناسەقامگیری لەو وڵاتەدا، کە ئێمە دەزانین درێژەکێشانی ئەم دۆخە پڕ لە پشێوییە دەرئەنجامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە لەسەر دەوڵەتە دراوسێکانی سووریا، لە نێویاندا وڵاتی عێراق. تەحەددی سێیەم پەیوەستە بە ئێرانەوە، کە ئاشکرایە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بڕیاری دا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە، ئەو رێککەوتنەی ئەمریکا لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆبامادا واژووی کرد، ئێستاش پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە دوای ئەم بڕیارەوە چی روودەدات؟ ئەمە چ کاریگەرییەکی لێدەکەوێتەوە لە ئایندەدا؟ واتە ئایا ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بەردەوام دەبێت لەسەر زیادکردنی فشارەکان لەسەر ئێران؟ ئایا ئەم ئیدارەیە ئامانجی ئەوەیە حکومەتی ئێران

دوچاری ناسەقامگیری و پشێوی بکاتەوە، بە چەشنێك ئەمە ببێتەهۆی بەهێزبوونی پێگەی بەرهەڵستکاری لە ناو ئێراندا؟ چونکە ئێمە دەزانین چەند لایەنێك لە نێو ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا هەن کە پشتیوانی لەوە دەکەن پێویستە هەڵوێستی توندتر لە دژی ئێران بگیرێتەبەر. هەر لە پەیوەندی بەم پرسەوە ئەوا دەتوانین بڵێین دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی عێراق یەکێکی دیکەیە لە تەحەددییەکان. بەگشتی پێموایە ئەوانەی ئاماژەم پێکرد بریتین لە گرنگترین ئەو تەحەددییانەی کە رووبەڕووی ئیدارەی ئەمریکا بوونەتەوە، کە روون و ئاشکرایە ئەمانەش چەند تەحەددییەکی قورس و سەختن و ئێمەش دەزانین دۆناڵد ترەمپ تاکە کەسێك نییە لە نێو کۆشکی سپیدا- کە دەبێت ئەوەش بڵێین شارەزاییەکی زۆری نییە لە پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەکی-، بەڵکو کەسانی شارەزا و تایبەتمەندتر هەن لە پرس و کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، کە مایك پۆمپیۆ- وەزیری دەرەوە- یەکێکە لەو کەسایەتییانە. هەرچۆنێك بێت دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین لە چەند ساڵی داهاتوودا سیاسەتی دەرەکیی ئەم ئیدارەیە بە چ ئاراستە و ئاقارێکدا دەڕوات.

*** ئەی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی ئێوە بۆ ئەدای ئەم ئیدارەیە لە ئیدارەدانی ئەم قەیران و تەحەددییە قورسانە چین؟ ئایا پێتوایە تا چ رادەیەك سەرکەوتوو بووە و لە کوێدا ئەدایەکی لاوازی هەبووە؟**

- لە راستیدا ناتوانین حوکمێکی گشتی بدەین لەم بارەیەوە، چونکە ئێمە دەزانین هەڵوێستی ئەم ئیدارەیە لە ئاست چەند پرسێکدا هەڵوێستێکی توند بووە، بەڵام لە ئیدارەدانی هەندێ پرسی دیکەدا ناڕوونیمان بەدی کردووە. بۆ نموونە ئێمە بینیمان ترەمپ فەرمانی کرد، تاوەکو هێرش بکرێتەسەر دامەزراوە کیمیاییەکانی حکومەتەکەی ئەسەد- کە بە هاوبەشی لەگەڵ رووسییەکاندا بەڕێوەی دەبرد-، ئەمە هەڵوێست و کاردانەوەیەکی زۆر توند بوو، بەڵام لە دوای ئەم گورزانەوە رێکاری دیکەی نەگرتۆتەبەر. هەروەها بڕیاری دا بە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس، کە ئەمەش بڕیارێکی گەورەیە، هەرچەندە من پێموایە هەر هەڵوێست و سیاسەتێك ببێتەهۆی ئەوەی فەلەستینییەکان رووبەڕووی ئەو راستییە بکاتەوە کە ئیسڕائیل دەمێنێتەوە، بە سیاسەت و هەڵوێستێکی باش و ئیجابی دەزانم، لەم روانگەیەوە پێموایە کارێکی باشی کردووە لەو رووەوە. هەروەها کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان و زیادکردنی فشارەکان لەسەر ئێران چەند رێکارێکی توند بوون کە ئیدارەکەی تەبەنی کردن.

*** پێشتر ئاماژەت بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین کرد، وەك یەکێك لەو تەحەددییانەی رووبەڕووی ئیدارەی ترەمپ دەبنەوە، کە ئێستا ئێمە دەبینین ناکۆکییەك و بگرە شەڕی بازرگانی هەیە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم مەسەلەیە چییە؟**

- لە راستیدا ئەمە یەکێکە لەو مەسەلانەی کە تێیدا ئەدایەکی لاوازی هەبووە، چونکە لە بنەڕەتدا پرسی سەپاندنی باج پەیوەست نەبوو بە بواری سیاسەتی دەرەوە، بەڵکو پەیوەندیدار بوو بە باوەڕی ترەمپەوە بەوەی رێکارە بازرگانییەکان نەك تەنیا لەگەڵ چیندا، بەڵکو لەگەڵ کەنەدا و مەکسیك و ئەوروپای رۆژئاواشدا رێکاری دادپەروەرانە نین. لەم روانگەیەوە من پێموایە شەڕی سەپاندنی باج لە کێشە راستەقینەکە دوورمان دەخاتەوە، کە ئەویش بریتییە لە پێشێلکردن، یان دزینی موڵکداریێتیی فیکری، کە پێموایە ئەمە مەسەلە و پرسێکی گرنگترە. لەبەر ئەوە ئومێدی من ئەوەیە کە کۆمارییەکانی نێو کۆنگرێس ترەمپ پاشگەز بکەنەوە لەم شەڕی سەپاندنی باجە، کە چەند ئاماژەیەکیش هەن لەم رووەوە، چونکە من پێموانییە ئەم رێکارانە هیچ سوودێك بە ئابووریی ئەمریکا بگەیەنن.

*** کەواتە هاوڕا نیت لەگەڵ گرتنەبەری فشارو سزای ئابووری وەك ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیپلۆماسییەکان، بەڵام ئایا ئەمە رێگاچارەیەکی درێژخایەن نابێت؟**

- بەڵێ، من پێم وانیە گرتنەبەری ئەم رێگاچارەیە لە ئاست چیندا سەرکەوتنی لێبکەوێتەوە، واتە من باوەڕم وانییە ئەم شەڕی سەپاندنی باجە هۆکار و ئامرازێك بێت کە بە هۆیەوە چین ناچار بکرێت، گۆڕانکاری لە پلان و رێکارەکانی خۆیدا بکات.

**چین هەوڵی ئەوە دەدات زۆنێکی گەشەکردوو لە کیشوەری ئاسیا دروست بکات و لەم رووەوە خۆی جڵەوی ئەم دەستپێشخەرییەی لە دەستدا بێت**

**چەند لایەنێک لە نێو ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپدا هەن کە پشتیوانی لەوە دەکەن پێویستە هەڵوێستی توندتر لە دژی ئێران بگیرێتەبەر**

**هیوادارم کۆمارییەکانی نێو کۆنگرێس ترەمپ پاشگەز بکەنەوە لەم شەڕی سەپاندنی باجە، کە چەند ئاماژەیەکیش هەن لەم رووەوە، چونکە من پێموانییە ئەم رێکارانە هیچ سوودێک بە ئابووریی ئەمریکا بگەیەنن**



*** ئەگەر لە روانگەیەکی دیکەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین، ئەوا دەبینین چین رایگەیاندووە کە پابەند نابێت بەو سزایانەی ئەمریکا کە بەنیازە لە دژی کەرتی نەوتی ئێران بیگرێتەبەر، ئایا ئەمە نابێتەهۆی هەڵکشانی زیاتری ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکا و چین؟**

- من شارەزایی تەواوم لەم بارەیەوە نییە، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

*** باسی بڕیاری ئیدارەی ترەمپت کرد لە پەیوەندی بە کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و دروستکردنی فشاری ئابووریی زیاتر لەسەر ئەو وڵاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم ڕێکارانەی ئیدارەی ترەمپ چ دەرئەنجامێکیان لەسەر ئێران لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە حکومەتی ئێران لە بارێکی لاوازدایەو لەم ساتەوەختەدا توانای ئەوەی نییە خۆپیشاندانێکی گەورەو بەرفراوان بۆ پشتیوانیکردن لەحکومەتەکە ڕێکبخات، ئەمە لەکاتێکدا هێشتا چەندین خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین لەدژی حکومەتی وڵاتەکە هەیە، سەرەڕای ئەو مەترسییە گەورانەی رووبەڕووی خۆپیشاندەران دەبنەوە، کەواتە ئەم حکومەتە لەسەر زەمینەیەکی لەرزۆکە. بەو پێیە من پێموایە تاوەکو زیاتر فشاری ئابووری بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنین، باشترە.

*** بەڵام دەوترێت لەبەر ئەوەی ئەم سزایانە تەنیا لەلایەن ئەمریکاوە بووەو بە شێوەیەکی تاکلایەنانە سەپێندراون، سزای نێودەوڵەتی نین و کۆدەنگی نێودەوڵەتییان لەسەر نییە، بۆیە ئێران دەتوانێت ئەم سزایانە تێپەڕێنێت، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئێمە دەزانین کە باس لەوە دەکرێت سزا بەسەر ئەو وڵاتە ئەوروپییانەشدا بسەپێنرێت کە درێژە بە پەیوەندی و کاری بازرگانی دەدەن لەگەڵ ئێراندا. بە هەمان شێوە باس لە دروستکردنی فشار لەلایەن ئەمریکاوە لە دژی وڵاتە ئەوروپییەکان دەکرێت بەهۆی هاوکاریکردنیان لەگەڵ رووسیا بۆ دروستکردن و راکێشانی بۆریی غازی سرووشتی، کە ئەمە لە بنەڕەتدا دەبێتەهۆی ئەوەی رووسیا کۆنتڕۆڵی زیاتر، یان کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی زیاتری هەبێت لەسەر ئابووریی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی رووسیا کاریگەرییەی زیاتری هەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەکیی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر ئەمریکا سزای ئابووری بەسەر وڵاتانی ئەوروپادا بسەپێنێت لەبەرامبەر مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ ئێران، ئەوا ئەمە ئەوە

دەردەخات کە وڵاتانی ئەورووپا چەند بە جددی کێشەی ئێرانیان وەرگرتووە.

*** یەکێک لەو مەسەلانەی دیکە کە هەمیشە ئیدارەی ترەمپ دووپاتی دەکاتەوە، پرسی دەستڕۆیشتوویی ئێرانە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لەعێراقدا، ئایا پێتوایە ئەمریکا دەتوانێت لەم بارەیەوە چی بکات؟**

- ئەمریکا دەتوانێت فشاری ڕاستەوخۆی زیاتر لەسەر ئێران دروست بکات، چونکە تاوەکو ئێران لاوازتر بێت، ئەوا زەحمەتتر دەتوانێت دەستێوەردان لەکاروباری سیاسەتی ناوخۆیی عێراق بکات. کەواتە باشترین ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی عێراقدا ئەوەیە ڕاستەوخۆ کار لەسەر لاوازکردنی ئێران بکرێت، واتە ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی دژوار بێت بۆ ئێران بۆ ئەوەی برەو بە دەستڕۆیشتوویی و دەسەڵاتی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی بدات، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو دوچاری زەحمەتی بووەوە لە پاراستنی دەسەڵاتیدا لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا.

*** هەر لە پەیوەندی بە گرتنەبەری فشاری ئابوورییەوە، ئەوا ئێمە بینیمان ئەمریکا ئەم ڕێگاچارەیە تەنانەت لە دژی هاوپەیمانەکانیشی بەکار دەهێنێت، باشترین نموونە وڵاتی تورکیایە کە بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو هاوپەیمانە بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر بچن، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من ئیدارەی ئەمریکا دەستی لەو بیرۆکەیە -ئومێدە- هەڵگرتووە کە بتوانرێت چاکسازی لە تورکیادا بکرێت و ئەوەتا سەرۆک ڕەجەب تەییب ئەردۆغان پلانی ئەوەی هەیە تورکیا بکاتە وڵاتێکی ئیسلامی کە خۆی ببێتە سوڵتان تێیدا، نەک سەرۆک کۆمار یان سەرۆک وەزیران. کەواتە ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ئەم هەڵوێست و سیاسەتەی ئەمریکا دانپێدانانە بەو ڕاستییەی کە تورکیا بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە زیاتریش بەم ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵدەگرێت. بۆچوونی منیش ئەوەیە کە ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا دەیکات دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانەیە بۆ ئەوەی لە وڵاتی تورکیادا دەگوزەرێت.

*** کەواتە پێتوایە چیتر ئەمریکا وەک هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو لە تورکیا ناڕوانێت؟**

- بەڵێ، بۆچوونی من ئەوەیە کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا چیتر وەک هاوپەیمانێکی باوەڕپێکراو لە تورکیا ناڕوانێت، ئەمە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە.

*** ئێوە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەتان بەوە کرد کە دۆخی پڕ لە پشێویی سووریا یەکێکە لە تەحەددییە سەرەکییەکانی بەردەم ئیدارەی ئەمریکا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێتوایە ئەم ئیدارەیە سیاسەتێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی بۆ ئیدارەدانی دۆخی ئەو وڵاتە گەڵاڵە کردووە؟**

- نەخێر، چونکە لە پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە هیچ شتێك لەم ئیدارەیە بەدی ناکرێت کە بکرێت وەك ستراتیژیەتێکی گشتگیر وەسفی بکەین. ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆرە تەرکیزی ئەمریکا لەسەر تێکشکاندنی داعش و ڕاوەدوونانی داعش بووە لە عێراق و گرتنەوەی ئەو شوێنانە بوو کە داگیری کردبوون، کە ئەمەش هاتەدی، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەنگاوی دواتری ئەمریکا چی دەبێت. کەواتە، لە ئێستادا و لەم ساتەوەختەدا هیچ بەڵگەیەك نییە کە ئەمریکا سیاسەتێکی گشتگیری هەبێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ شەڕی ناوخۆیی سووریادا.

*** ئەی چۆن لە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئیدارەی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوە و تێکشکاندنی تیرۆریزم دەڕوانیت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی داعشەوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە داعش تێکشکێندراوە، بەڵام ئێمە دەزانین داعش تەنیا بەشێکە لە کێشەیەکی گەورەتر و من دڵنیانیم لەوەی ئایا ئەم ئیدارەیە سیاسەتێکی هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتگیرتر و هەمەلایەنتر مامەڵە لەگەڵ پرسی تیرۆردا بکات. چونکە ڕاستە ئێمە تەرکیزمان لەسەر تیرۆری ناوخۆیی و ئەو تیرۆرە کردووە کە لە ناوخۆدا دروست دەبن و گەشەدەکەن (Home Grown Terrorist)، کە هێرشکردنەسەر یانەیەکی شەوانە لە ویلایەتی فلۆریدا نموونەیەکە لەسەر ئەو تیرۆریزمە ناوخۆییە، بەڵام پێموانییە بەدەر لەمە پلانێك، یان سیاسەتێکمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیە هەبێت.

**حکومەتی ئێران لە بارێکی لاوازدایەو لەم ساتەوەختەدا توانای ئەوەی نییە خۆپیشاندانێکی گەورەو بەرفراوان بۆ پشتیوانیکردن لەحکومەتەکە ڕێکبخات، ئەمە لەکاتێکدا هێشتا چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین لەدژی حکومەتی وڵاتەکە هەیە**

**ئەمریکا دەتوانێت فشاری ڕاستەوخۆی زیاتر لەسەر ئێران دروست بکات، چونکە تاوەکو ئێران لاوازتر بێت، ئەوا زەحمەتتر دەتوانێت دەستێوەردان لەکاروباری سیاسەتی ناوخۆیی عێراق بکات**

**سەرۆک ڕەجەب تەییب ئەردۆغان پلانی ئەوەی هەیە تورکیا بکاتە وڵاتێکی ئیسلامی کە خۆی ببێتە سوڵتان تێیدا، نەک سەرۆک کۆمار، یان سەرۆک وەزیران، بۆیە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا چیتر وەک هاوپەیمانێکی باوەڕپێکراو لە تورکیا ناڕوانێت**



**برانتلی وۆماک**

**پسپۆری کاروباری نێودەوڵەتیی بۆ گوڵان:**

# لە سیاقی شەڕی بازرگانیدا ئەمریکا و چین تێڕوانینێکی دوژمنکارانەتر لە بەرامبەر یەکتردا دەگرنەبەر

**برانتلی وۆماك پرۆفیسۆری كاروباری نێودەوڵەتیی لە زانكۆی ڤیرجینیا، زۆربەی كارەكانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی وڵاتی چینەوە. پرۆفیسۆر وۆماك بڕوانامەی دكتۆرای لە زانكۆی شیكاگۆ بەدەست هێناوە. پێشتر توێژەر بووە لە زانكۆی میونیخ و وانەبێژو پرۆفیسۆر زانستی سیاسی و ئابووری سیاسی بووە لە زانكۆی تێكساس و چەند زانكۆیەكی چین. لە توێژینەوەكانیدا بایەخ بە چەند پرسێكی گرنگی وەك پەیوەندیی نابەرامبەر و پەیوەندییەكانی نێوان دەسەڵاتی گشتی و دەسەڵاتی جەماوەری لە چین و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەكیی وڵاتی ڤێتنام و پەیوەندییەكانی چین بە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاوە دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێكرد كە پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەكیی نوێی ئیدارەی ئەمریكا لە پەیوەندی بە بەكارهێنانی فشاری ئابوورییەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكانی سیاسەتی دەرەوە و بۆ ناچاركردنی وڵاتان بە سازشكردن، بەتایبەتی ئەوەی پێی دەڵێن شەڕی بازرگانیی نێوان ئەمریكا و چین، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

**كاتێک ئەمریكا پابەند نابێت به جێبەجێكردنی نۆرمە نێودەوڵەتییەكانەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە دروست دەبێت كە ئەمریكا دوچاری زنجیرەیەک لە قەیران و تەنگژەی چاوەڕواننەكراو ببێتەوە**

**پەیوەندییەكانی نێوان ئەمریكا و وڵاتی چین دوچاری تەنگژە و قەیرانێكی تایبەت نەبۆتەوە، جگە لەوەی كە ئێستا پێی دەوترێت شەڕی بازرگانی**

*** هەروەك ئاشكرایە سیاسەتی دەرەكیی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ مشتومڕێكی زۆری لێكەوتۆتەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پەنابردن بۆ گرتنەبەری رێكار و فشارە ئابوورییەكان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دیپلۆماسییەكان، ئەوەی پێی دەوترێت «دیپلۆماسیەتی بازرگانی»، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئەگەر ئێمە لەو تاكتیكانە بڕوانین كە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گرتوویەتەبەر لە پەیوەندی بە خولْقاندنی كەشێكی پڕ لە نادڵنیاییەوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكادا، ئەوا ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی لە مەودای كورتدا بەرهەمی هەبێت، كە ئەویش ناچاركردنی وڵاتانی دیكەیە بە سازشكردن، بەڵام ئەگەر لە مەودای دوور بڕوانین ئەوا ئەم شێوازی كاركردنە دوو لایەنی سلبی هەیە كە دەكرێت لێرەدا ئاماژەیان پێ بكەین. یەكەمیان ئەوەیە كە دەوڵەتانی دیكە- لە نێویاندا دەوڵەتە هاوپەیمانەكانیش- كار دەكەن بۆ گرتنەبەری چەند رێكارێك لە دژی ئەمریكا بۆ كەمكردنەوەی مەترسییەكان. راستە رەنگە لەم ساتەوەختەدا ئەمریكا دۆستەكانی لەدەست نەدات، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو دۆستایەتییانە بەرەو داكشان دەچن. دووەم ئەوەیە كە كاتێك ئەمریكا پابەند نابێت بە جێبەجێكردنی نۆرمە نێودەوڵەتییەكانەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە دروست دەبێت كە ئەمریكا دوچاری زنجیرەیەك لە قەیران و تەنگژەی چاوەڕواننەكراو ببێتەوە كە —كێشەكەش ئەوەیە- ئەمریكا لە بارێكدا نییە لێیان تێبگات، یان ئیدارەیان بدات. لەو كاتەدا دەوڵەت و لایەنەكانی دیكە بەپەلە بە هانای ئەمریكاوە نایەن بۆ ئەوەی هاوكاری بكەن.

*** هەر لە پەیوەندی بەو تەحەددییانەی رووبەڕووی ئیدارەی ئەمریكا دەبنەوە، باس لە وڵاتی چین دەكرێت وەك هێزێك كە لە هەڵكشاندایە، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئێوە چۆن لە پەیوەندییەكانی ئەمریكا و چین دەڕوانن لەم رووەوە؟ ئایا هەڵكشانی هێزی چین بۆتە تەحەددی و كێشەیەكی راستەقینە كە ئەمریكا بەخۆیەوە سەرقاڵ بكات؟**

- ئەوەی دەتوانین ئاماژەی پێ بكەین ئەوەیە كە پەیوەندییەكانی نێوان ئەمریكا و وڵاتی چین دوچاری تەنگژە و قەیرانێكی تایبەت نەبۆتەوە، جگە لەوەی كە ئێستا پێی دەوترێت شەڕی بازرگانی- لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا-، كە دەبینین لەم سیاقەدا هەردوو وڵات دیدگا و

تێڕوانینێکی دوژمنکارانەتر لە بەرامبەر یەکتردا تەبەنی دەکەن، بەتایبەتی ئەمریکا. لەلایەکی دیکەوە ئەوە بەدی دەکرێت کە زۆرێك لە وڵاتان لە هەوڵی باشترکردن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیاندان لەگەڵ وڵاتی چیندا، لەبەر ئەوەی پێیانوایە چین زیاتر جێی متمانەپێکردنە، هەروەها لەبەر ئەوەی سیاسەتەکانی چین سەرنجراکێشترن وەك سیاسەتی پەیوەست بە دروستکردنی رێگای ئاوریشمی نوێ (هەروەها ناسراوە بە یەك پشتێنە و یەك رێگا).

*** ئاماژەت بە شەڕی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵاتی چین و ئەمریکا کرد، دەمانەوێت زیاتر شرۆڤەی ئەم پرسە بکەیت، بەتایبەت لە پەیوەندی بە هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕەوە؟**

- ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە چەند جیاوازییەکی ئابووری لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەن، واتە بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە، بەو پێیە دروستبوونی بارگرژی لە نێوانیاندا شتێکی پێشبینیکراو و چاوەڕوانکراوە. هەرچۆنێك بێت، هەڵکشانی شەڕی بازرگانی بریتییە لە کەمکردنەوەی رێساکانی پەیوەست بە کارە بازرگانییەکان. بەڵام پێموایە هیچ لایەك ناتوانێت ئیعتیراف بە شکستی خۆی بکات، کەواتە ئەم رەوشە بەردەوام دەبێت، تاوەکو ئەو کاتەی دەگەنە چارەسەرێکی ئابڕووپارێز.

*** لایەنێکی دیکەی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چینەوە ئەوەیە کە وڵاتی چین رایگەیاندووە پابەند نابێت بەو سزایانەی کە بڕیارە وڵاتی ئەمریکا بیسەپێنێت بە سەر کەرتی نەوتی ئێراندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بوونی ئەم هەڵوێستە جیاوازانە بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و چین بەرەو هەڵکشانی زیاتر نابات؟**

- ئاشکرایە کە ئیدارەی ئەمریکا دەستی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران هەڵگرت و لێی کشایەوە. ئێمە دەزانین لە رووی مێژوییەوە چین رێز لەم چەشنە رێککەوتننانە دەگرێت. کەواتە ئەوەی گومانی تێدا نییە، ئەوەیە کە پابەندبوون بەم رێککەوتنەوە هاوکار نابێت بۆ پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ئەمریکادا، بەڵام بە دڵنیاییەوە هاوکاریی پەیوەندییەکانی دیکە دەکات، لە نێویاندا و لە هەموویان زەقتر پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی ئێراندا.

*** بەڵام سەرەڕای ئەو جیاوازی و بارگرژییانەی نێوان هەردوو هێزە جیهانییەکە (ئەمریکا و چین) ئایا بە تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك ئەمریکا پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی وڵاتی چین هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لە تەحەددییە جیهانییە سەختەکان، بۆ نموونە، قەیرانی کۆریای باکوور؟**

- لە راستیدا دەستپێشخەرییەکانی هەردوو سەرۆکی وڵاتانی کۆریای باشوور و کۆریای باکوور (سەرۆك موون جای ئین و سەرۆك کیم جۆن ئۆن) لەبارەی یارییە ئۆڵۆمپییەکانەوە، بوونەهۆی ئەوەی لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چەند کۆبوونەوەیەکی لوتکە رووبدەن و ئەنجام بدرێن. ئەوەی زیاتر جێی سەرنجدان و تێڕامانیش بوو بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی لوتکە بوو لە نێوان هەردوو سەرۆك کیم ئۆن جۆن و سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە وڵاتی سەنگافورە، بەڵام رەنگە ئەوەی گرنگتر بێت، ئەو کۆبوونەوانەی دیکە بێت کە روویاندا، وەك کۆبوونەوەکانی نێوان سەرۆك موون جای ئێن و کیم جۆن ئۆن و کۆبوونەوەی نێوان سەرۆك کیم و سەرۆك شی جین پینگ، هەروەها کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراوی نێوان سەرۆك کیم و سەرۆکی رووسیا، ڤلادمیر پوتین. کەواتە ئەگەر سەرۆك کیم بتوانێت درێژە بە رەوتی ئاشتیخوازانە بدات لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتە دراوسێکانیدا، ئەوا ئەمە کەشێك دەخولقێنێت کە تێیدا دوژمنایەتیی ئەمریکا گرنگییەکی کەمتری دەبێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەوەی دەبێت سەرۆك کیم لەبەرچاوی بێت، ئەو راستییەیە کە سەرجەم لایەنەکانی دیکە، تەنانەت کۆریای باشووریش، گرنگییەکی زیاتر بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا دەدەن. کەواتە دەبێت خۆی بەدوور بگرێت لە دروستکردنی دۆخێك کە تێیدا — ئەو لایەنانە ناچاربن- هەڵبژاردن بکەن لە نێوان خۆی و سەرۆك ترەمپدا. هەروەها پێویستە ئەوەی لەبەرچاو بێت کە سەرجەم لایەنەکان پابەندن بەوەی چەکی ناوکی لە نیمچە دوورگەی کۆریا دابماڵدرێت.

**زۆرێک لە وڵاتان لە هەوڵی باشترکردن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیاندان لەگەڵ وڵاتی چیندا، لەبەر ئەوەی پێیانوایە چین زیاتر جێی متمانە پێکردنە، هەروەها لەبەر ئەوەی سیاسەتەکانی چین سەرنجراکێشترن وەک سیاسەتی پەیوەست بە دروستکردنی رێگای ئاوریشمی نوێ**

**دەستپێشخەرییەکانی هەردوو سەرۆکی هەردوو وڵاتی کۆریای باشوور و کۆریای باکوور (سەرۆک موون جای ئین و سەرۆک کیم جۆن ئۆن) لەبارەی یارییە ئۆڵۆمپییەکانەوە، بوونەهۆی ئەوەی لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چەند کۆبوونەوەیەکی لوتکە رووبدەن و ئەنجام بدرێن**

**ئەگەر سەرۆک کیم بتوانێت درێژە بە رەوتی ئاشتیخوازانە بدات لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتە دراوسێکانیدا، ئەوا ئەمە کەشێک دەخولقێنێت کە تێیدا دوژمنایەتیی ئەمریکا گرنگییەکی کەمتری دەبێت**



**حاكم ئەحمەد ئەنوەر**

سەرۆكی دەستەی دەستپاكیی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ گوڵان:

# ستراتیژیەتی دژایەتیكردنی گەندەڵی لە كوردستاندا گەڵاڵەكراوەو ڕەزامەندی لەسەر دراوە و ئەنجومەنی باڵاشی بۆ پێكهێنراوە

# بەشێک لە کەیسەکان یەکلا کراونەتەوە کە ژمارەیان ٥٠ بۆ ٦٠ کەیس دەبێت و هەندێکیان بەهۆی نەبوونی بەڵگە داخراون

**نەهێشتنی گەندەڵی و خۆپاراستن لەگەندەڵی پێویستە لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی هەموو حوکمڕانییەکی باش بێت، لەم روانگەیەوە لە هەرێمی کوردستان دەستەی دەستپاکی دامەزراوەو لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پاڵپشتی و ئاسانکارییەکی باشی بۆ کراوەو دەکرێت، هەر لەو پەیوەندییەدا گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی حاکم ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان کردووە، کە لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

**هیوادارین لەکابینەی نوێی حکومەتدا دژایەتیکردنی گەندەڵی وەکو پرسەکانی دیکەی باشکردنی گوزەرانی خەڵک و پاراستنی کوردستان ببێتە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی حکومەت**

*** دەستەی دەستپاکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ماوە کەمەی دامەزراوە تاچەند توانیویێتی رێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ خۆپاراستن و دژایەتیکردنی گەندەڵی؟ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند پاڵپشتی و کارئاسانی پێشکەش کردوون؟**

- دەزگای دەستەی دەستپاکی بە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەو لە پەرلەمانیش لە ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەڵبژێردرا، بەمەش دەستەکە دەسەڵاتی یاسایی هەیەو هەموو ئەرك و چالاکی و دەسەڵات و پێکهاتەکەی بۆ دیاریکراوە. پرۆسەی دامەزراندنەکەش کەوتە نێوان کابینەی حەوت و هەشتی هەرێمی کوردستان کە هاوکات بوو لەگەڵ بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی مەرکەزی بەغداوە، کە بووە هۆی دروستبوونی قەیرانی دارایی، بڕینی بودجەکەش لە قۆناغێکی سەخت و دژواردا بوو، کە هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی داعش و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەو پەناهەندەو دابەزینی نرخی نەوت و چەندین گرفت و کێشەی دیکە، کە هەر هەمووی دۆخێکی دژواری لێکەوتەوە. واتا دەستەی دەستپاکی لەناو جەرگەی بارودۆخێکی دژوارو سەختدا دەست بەکاربوو، لەلایەك بودجە و توانای لەبەردەستدا نەبوو، لەلایەکی دیکەوە نیوەی ئەو هۆبە و بەشانەی لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژەی پێکراوە، دانەمەزران، تەنانەت ژمارەی لێکۆڵەرمان زۆر کەمە، بە رادەیەك لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان ژمارەی لێکۆڵەرەوەکانمان ناگاتە ١٣ لێکۆڵەر، ئەمە لەکاتێکدا لە کوردستان پێویستمان بە ٥٠ بۆ ٧٠ لێکۆڵەر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بەو ماوە کەمە و بەو توانا سنووردارەی بەردەستمان توانیمان کاروچالاکی گەورە ئەنجام بدەین، کە رەنگە لە وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوودا

**به هاوکاریی دەزگایەکی وێستمنیستەری بەریتانی ستراتیژیەتی کوردستانمان بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی ئامادە کردووە و لە ئەنجومەنی وەزیراندا پەسەند کراوە**

**دروشمەکانی خۆمان لە رێی «سی دی»یەوە دایە کەناڵە ئاسمانییەکان، بەڵام بەداخەوە هیچ دەزگایەک ئامادە نەبوو بڵاویان بکاتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو پێیان بڵێین کۆنگرەیەکی رۆژنامەنەوانیمان هەیەو زانیاری دەخەینەڕوو، ئەوا رەنگە هەموو ئەو دەزگایانە ئامادە بن**

**لە ساڵی ٢٠١٥ بە نووسراوی فەرمی داواکاریمان هەبووە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان، چونکە کوردستان پێویستی بە ٩-١٠ وەزارەتە**

نەتوانرابێت بەم ماوە کەمە و توانا داراییە نزمە ئەو هەموو کاروچالاکییە ئەنجام بدرێت. سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشتان ئاشکرایە کە کاروچالاکیی سەرەکیی ئێمە دژایەتیکردنی گەندەڵییە؛ راستە تا ئێستا دژایەتیکردنی گەندەڵی لە کوردستاندا نەبووەتە ریزبەندی ژمارە یەکی کارەکانمان، چونکە لە ٢٠١٤ تا ئەمڕۆ ئەولەوییەت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و پێدانی مووچە و رانەوەستانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی کوردستان لە تیرۆرستانی داعش بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەو ماوە کەمەدا کارو چالاکیی زۆر گەورەمان ئەنجام داوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەچەند ئاراستە کارمان کردووە، کە گرنگترین ئاراستە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەیە لە رێگەکانی کۆڕو سیمنارو خول و دەزگاکانی راگەیاندن و پڕۆگرامەکانی خوێندن، بڕیاریش بوو لەگەڵ رێکخراوی UNDP دەستپاکی و دژە گەندەڵی بخرێتە ناو پڕۆگرامەکانی خوێندن بۆ پۆلەکانی (١) تاکو (١٠) بنەڕەتی، بەداخەوە ئەم پرۆژەیەی دەستپاکی بەهۆی نەبوونی ١٥٠ ملیۆن دینار پەکی کەوت. ئەوەی پەیوەست بێت بە پرۆسەی خۆپارێزی کە ئاراستەی دووەمی کارکردنی دەستەکەمانە، پێویستمان بەوە هەیە کە دەبێت کار بۆ بنبڕکردنی هۆکارو ژینگەی دروستبوونی گەندەڵی بکرێت، بۆ ئەمەش پێویستیمان بەوە هەیە رێکاریی خۆپارێزی بگرینەبەر کە لە بەندو بڕگەکانی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوونی هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی عێراق لەساڵی ٢٠٠٧ بە یاسایەك چووەتە ناو رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دژایەتی گەندەڵی، بەمەش ئەم رێککەوتننامەیە بۆتە بەشێك لەیاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

*** کەواتە لەو ماوە کەمەدا توانیوتانە دەستنیشان و لێکۆڵینەوە لەسەر زۆرترین کەیسی گەندەڵی بکەن، ئایا ئەمە ناچێتە ناو بواری چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە؟**

- ساڵانە ژمارەیەکی زۆر کەیسمان تۆمارکردووەو لێکۆڵینەوەمان تێدا کردوون و رەوانەی دادگامان کردوون و بەشێك لە کەیسەکان یەکلا کراونەتەوە کە ژمارەیان ٥٠ بۆ ٦٠ کەیس دەبێت و هەندێکیان بەهۆی نەبوونی بەڵگە داخراون و چەند کەیسێکیش بەم دواییە بەر لێخۆشبوونی گشتی کەوتن. واتە لە سێ ساڵی رابردوودا لە سەرووی ٤٠٠ کەیس هەبووە کە لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە، بەمەش بەراورد بەو توانا کەمەی هەمانبوو، سەرەتایەکی باشەو دەکرێت بکرێتە بەردی بناغە بۆ داهاتوو. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە بەنیازین لە داهاتوودا پێشنیار بۆ ئەنجومەنی دادوەری بکەین کە دوای ئەوەی خۆیان رێکخستۆتەوە و دوای ئەوەی ژمارەیەك دادوەر لە دادگای تەمییز دامەزران و ژمارەیەکیش خانەنشین بوون کە دادگایەکی تایبەتمەند دابمەزرێت بۆ کەیسەکانی گەندەڵی هاوشێوەی بەغدا، چونکە ئەگەر ئەم کەیسانە بچنە دادگانی دیکە، ئەوا یەکلاکردنەوەیان زۆر دوادەکەوێت. بەشێوەیەکی گشتی دەستەی دەستپاکی هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بووە لەسەر ئەو پرۆسە چاکسازییەی دەستی پێکردووە، بەتایبەتی لە کەیسی کەموکورتی لە بەرزکردنەوەی نایاسایی پلەی فەرمانبەران و ئەوانەی لە پلەباڵاکانن، وەکو پلەی وەزیر خانەنشین کراون، بێ ئەوەی وەزیر بووبن کە ئێستا ٤٦٤ کەسمان لەوانە لەبەردەستدایە. ئێستاش لەگەڵ ژمارەیەك لە لایەنەکانی دیکە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانین لە زۆر بواری بایۆمەتری و کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان و بوارەکانی ژینگە و دامەزراندن و شێوازی ئیشکردن و کەمکردنەوەی رۆتین و لێکۆڵینەوە لە پاڵاوگە نایاساییەکان، بۆ نموونە لەم بوارەدا هاوکاری دەستەی ژینگە بووین و لەکۆتاییدا تەنیا ٢٨ پاڵاوتگە دەمێنێتەوە کە کۆمەڵێك مەرجی ژینگەییان تێدایە، هەروەها ئێمە لە ساڵی ٢٠١٥ بە نووسراوی فەرمی داواکاریمان هەبووە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان، چونکە کوردستان پێویستی بە ٩-١٠ وەزارەتە، ئەوەتا وڵاتێکی وەکو فەرەنسا کە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشە و بەو قەبارە گەورەیەو ژمارەی دانیشتووان و بودجەیەکی زەبەلاحەوە تەنیا نزیکەی ١٥ وەزارەتی هەیە.

*** ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان بە یەکێك لەو رێکارانەی خۆپاراستن دادەنرێت**

**لەبەرامبەر گەندەڵیدا؛ ئایا تاچەند توانراوە ئەم ڕێکارە لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ بکرێت؟**

- خۆشبەختانە لەم بوارەدا توانیمان ڕێنمایی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان لە یاسا دەربکەین و یەکەمین کاری دەستەکەشمان بوو کە لەمانگی ٣ی ٢٠١٤ پرۆسەی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسانی باڵامان دەست پێکردو فۆرممان بەسەر هەموو ئەو بەڕێزانە دابەشکرد کە یاساکە بە پۆست ناوی هێناوە؛ کە هاتووە بەرپرسە باڵاکانی هەرێم بە سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرە بەڕێزەکان و جێگرەکانیان و پەرلەمانتاران تاکو ئەوانەی بە پلەی جێگری بەڕێوەبەری گشتی دامەزراون، بەشێوەیەکی بەردەوام و لەسەر داوای سەرۆکی دەستەی دەستپاکی دەبێت سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن.

*** ئەی لە بواری ڕەفتاری وەزیفییەوە چیتان کردووە، بەتایبەتی کە زۆربەی جار گلەیی و گازندەیەکی زۆر لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو کەسانە هەیە کە فەرمانبەرن، یاخود پۆستێکی باڵایان هەیە؟**

- پێوەرێکی جیهانی هەیە بەوەی کە فەرمانبەر چۆن کار دەکات و ئەرکەکانی چۆن جێبەجێ دەکات ؟ بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام داو بە سوودوەرگرتن لەو ڕێنماییانەی لە ٢٠١١ لەلایەن لێژنەی دەستپاکی و حوکمڕانیی باش لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووبوو، تونرا ڕێنماییەك دەربکەین و فەرمانبەر پابەند دەکات بە کۆمەڵێك ڕێنمایی تایبەت بە هەڵسوکەوت و ئیشوکاری دڵسۆزانە و بێلایەنانەی کارکردنی. هەروەها ڕێنماییەکی دیکەمان لەبەردەستدایە کە پێی دەوترێت بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان، بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان لەکوردستان و عێراق یەکجار زۆرە، بەتایبەتی بۆ ئەو فەرمانبەر و بەرپرسانەی کە لە شوێنێکی حکومەت کار دەکەن و لەشوێنێکی تایبەت خۆی یاخود کەسێکی نزیکی کاردەکات، کە لە زۆر وڵات وەکو ئوردن ئەمە بەیاسا کراوەتە تاوان. هەروەها زۆر ڕێگای دیکەش هەن بۆ خۆپارێزی، بەڵام بەهۆی سنووردداربوونی توانای ماددی ئێمە و بەهۆی هاوکارینەکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەمانتوانی هەڵمەتێکی گەورە بکەین و ئێمە دروشمەکانی خۆمان لە ڕێی «سی دی»یەوە دایە کەناڵە ئاسمانییەکان، بەڵام بەداخەوە هیچ دەزگایەك ئامادە نەبوو بڵاویان بکاتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو پێیان بڵێین کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنەوانیمان هەیەو زانیاری دەخەینەڕوو، ئەوا ڕەنگە هەموو ئەو دەزگایانە ئامادە بن.

*** سەرکەوتنی هەر کارو پرۆژەیەك پێویستی بە ستراتیژییەتێك هەیە، ئایا ئێوە لە دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لەسەر چ ستراتیژییەتێك کار دەکەن؟**

- ئێمە بە هاوکاریی دەزگایەکی وێستمنیستەری بەریتانی ستراتیژیەتی کوردستانمان بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی ئامادە کردووە و لە ئەنجومەنی وەزیراندا پەسەند کراوە، لەسەرەتای ئەمساڵیشەوە لێژنەیەکی باڵامان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و ژمارەیەکی دیکەی ئەنجومەن و لایەنە پەیوەندارەکان دامەزراوە. وەکو لە سەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم پێدا بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش پرۆسەی دژایەتیکردنی گەندەڵییەکە دواکەوتووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کار نەکراوە، چونکە پرسی دژایەتیکردنی گەندەڵی پرسێکی نیشتمانییەو هیواداریین ئەگەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دوانەخرێت، لەکابینەی نوێی حکومەتدا دژایەتیکردنی گەندەڵی وەکو پرسەکانی دیکەی باشکردنی باروگوزەرانی خەڵك و پاراستنی کوردستان ببێتە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی حکومەت، هەروەکو چۆن لەگەڵ دەزگاکانی تری چاودێری دەستەی دەستپاکی هاوکارو هەماهەنگ بووە بۆ دەستنیشانکردنی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بەرەو کاروانی دژایەتیکردنی گەندەڵی لەکوردستاندا، چونکە تاوانی گەندەڵی بە هاوشێوەی تاوانی دزین و کوشتن لەگەڵ مرۆڤایەتیدا هەر دەمێنێت، بەڵام پێویستە ڕێژەو شوێنەوارەکانی کەم بکرێتەوە و تاوانباران سزا بدرێن و سەرجەم پرۆسەکەش پێویستی بە ئەرك و ماندووبوونی زیاتر هەیە.

**دەستەی دەستپاکی هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بووە لەسەر ئەو پرۆسە چاکسازییەی دەستی پێکردووە، بەتایبەتی لەکەیسی کەموکورتی لە بەرزکردنەوەی نایاسایی پلەی فەرمانبەران و ئەوانەی لە پلەباڵاکانن، وەکو پلەی وەزیر خانەنشین کراون، بێ ئەوەی وەزیر بووبن کە ئێستا ٤٦٤ کەسمان لەوانە لەبەردەستدایە**

**لەسێ ساڵی ڕابردوودا لە سەرووی ٤٠٠ کەیس هەبووە کە لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە، بەمەش بەراورد بەو توانا کەمەی هەمانبوو، سەرەتایەکی باشەو دەکرێت بکرێتە بەردی بناغە بۆ داهاتوو**

**تاوانی گەندەڵی بە هاوشێوەی تاوانی دزین و کوشتن لەگەڵ مرۆڤایەتیدا هەر دەمێنێت، بەڵام پێویستە ڕێژەو شوێنەوارەکانی کەم بکرێتەوە و تاوانباران سزا بدرێن**

## کێشەکانی میدیا لە هەرێم

## بەشی دووەم

# کێشەی خاوەنداریەتی

مەسەلەی خاوەنداریەتیی میدیا بابەتێکی گرنگە، چونکە خاوەنداریەتی بنەمای کارکردن و سیاسەت و ستراتیژیی میدیا دیاری دەکات. بەڵام ئایا ئەو خاوەنداریەتییەی میدیا لەوڵاتدا، نیشتمانییە، حزبییە، حکومییە، تایبەتە...هتد؟ ئەمانە گرنگن بۆ ئەوەی لە فۆرمی کارکردنی میدیاو کاریگەری و ناوەڕۆك و ئەجندای ئەو میدیایانە تێ بگەین.

بۆ باسکردن لەم بابەتە لە دوو گۆشە نیگاوە قسەی لەسەر دەکەین، یەکەم: ئایا میدیا بە گشتی لە وڵاتدا خاوەنێکی هەیە لە سەر ئاستی نیشتمان، وەك وەزارەتێك، دامەزراوەیەك، بۆردێك کە سەرپەرشتی بکات و سیاسەت و هێڵەکانی کارکردنی بۆ دابنێت و چاودێری بکات؟ دووەم: ئایا خاوەنداریەتەکانی تری دەزگا میدیاییەکان چین؟ حزبین، تایبەتن، کەسین و... هتد؟

بۆ خاڵی یەکەم گرنگە بەراوردێك بە میدیای وڵاتان بکەین کە لە دیموکراسییان تا دیکتاتۆریان، دامەزراوەیەك، یان بۆردێك و دەستەیەك هەیە بۆ سەرپەرشتیی میدیا کە دیموکراسییەکان بۆ ڕێکخستنی میدیا و دیکتاتۆرەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکاری دێنن. بۆ نموونە لە بەریتانیا Of com هەیە، کە تایبەتە بە کۆمینیکەیشن و ڕێکخستنی هەموو جۆرەکانی کۆمینیکەیشن. لە ئەڵمانیا FCC و لە ئوردون (هيئة الإعلام) هەیە، لە عێراق (هيئة الاعلام والاتصالات) هەیە، بە هەمان شێوە وڵاتێك نابینیت لە جیهاندا میدیاو دەزگای میدیای هەبێت و لایەنێك بەرپرس نەبێت لە سەرپەرشتیکردنی. لە هەرێمی کوردستان بەپێی داتای توێژینەوەیەك کە مامۆستایەکی زانکۆی ئەڵمانی لە ساڵی ٢٠١٤ لە زانکۆی سلێمانی پێشکەشی کرد تایبەت بە میدیای ئەڵمانی، هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا نۆ (٩) هێندەی ئەڵمانیا ژمارەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی هەبووە، تا ئێستاش وەك دەزانین بەردەوام لە زیادبووندایە. جگە لە کێشەی نەبوونی سیستمی میدیایی لە هەرێم و بۆشایی گەورەی یاسایی و نەبوونی یاسایەکی گشتی لە ئاست ئەم فراوانییەی میدیا لە هەرێم و کێشەی دەستووری کە لە دەستووری هەرێمی کوردستان ئاماژەیەکی روون بە ئەرك و وەزیفەی میدیای نەکراوە.

میدیا لە هەرێمی کوردستان خاوەنی نییە، بەو مانایەی وەزارەتێك، ئۆرگانێك نییە لە ئاستی نیشتمان خاوەنی میدیا بێت، واتە بۆشاییەکی ئیداری و خاوەندارییەتی گەورە لە میدیای هەرێمدا دەبیندرێت، کە ئەمە سەرچاوەیەکی گەورەی پاشاگەردانی میدیایە لەم هەرێمەدا. لە ڕەهەندی دووەمەوە قسە بکەین لەسەر خاوەنداریەتی و جۆری ئەو خاوەنداریەتییەی کە میدیاکانی ئێمە هەیانە، دەبینین هەژمونی



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گولان نووسیویەتی

خاوەنداریەتیی حزبی چارەکە سەدەیەکە باڵی کێشاوە بەسەرماندا، ئەمەش کاریگەری کردووەتە سەر ئەوەی میدیایەکی نیشتمانی و گشتی و موڵکی نیشتمان و هاوولاتیمان نەبێت. هەروەها کۆمەڵگەیەکی سیاسی بە پەروەردەیەکی ململانێی سیاسی پەروەردەکراومان هەبێت. ئەوەی جێگای مەترسییە دیارنەبوونی خاوەنداریەتییە، واتە خاوەنداریەتیی حزبی هێشتا باشترە و تا رادەیەك بەهۆی بوونی خاوەنێکی دیار کە حزبەکەیە دەتوانرێت لە سیاسەت و ئامانجی میدیاکە تێ بگەیت و ئەگەر سەرپێچی، یان کارێکی ناتەندروستی کرد، ئاگادار بکرێتەوە، بەڵام لە خاوەنداریەتی حزبییەوە بەرەو خاوەنداریەتی کەسی و نادیار میدیا بەرەو پاشاگەردانی هەنگاو دەنێت، چونکە نازانرێت کێی لە پشتەوەیە و چ ئامانجێکی هەیە، حزبییەکە لەبەر بەرژەوەندی حزبی خۆی ناچار بووە پەیڕەوی هەندێك بەهاو نەریتی کۆمەڵگە بکات، بەڵام سەرهەڵدانی میدیای خاوەنداریەتی کەسی و نادیار ئەوەندەی دی ژینگەی میدیای ئاڵۆز کردووە. یان میدیای خاوەنداریەتیی تایبەت و بازرگانی کە ئەمانە ئێستا مۆدێلی قۆرخکەری ژینگەی میدیای وڵاتانن، بەڵام وڵاتان چ خاوەنداریەتیی بازرگانی، یان هەر جۆرە خاوەنداریەتییەکی تری میدیا لە وڵاتدا هەبێت، بەپێی یاسا و خزمەت بە نیشتمان رێکیانخستووە. ئەوەی جێگای مەترسییە لەم هەرێمە خاوەنداریەتییەکی شپرزە و پاشاگەردان لە میدیادا هەیە کە چەندین گرفتی بۆ خولقاندووین، لەوانە:

١-نەبوونی میدیاییەکی نیشتمانی کە موڵکی نیشتمان و هاووڵاتی بێت.

٢-ئاسان کۆنترۆڵ نەکردن و رێکنەخستنی ژینگەی میدیایی بە هۆی نادیاریی خاوەنداریەتی و تێکەڵ و پێکەڵیی خاوەندارییەتی.

٣-شپرزی لە دیدگاو رۆئیا و سیاسەت و ستراتیژی میدیای کوردی کە هەریەکە بە ئاواز و ئاراستەیەك بازاڕی خۆی گەرم کردووە.

٤-دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نائارام بەهۆی ململانێی میدیای حزبی و کەسی و خاوەندارە نادیارەکانەوە.

٥-کاریگەری لە کەمکردنەوەی ئاستی پرۆفیشناڵی و ئیتیکی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا.

**چارەسەرەکان**

١-دامەزراندنی دەزگایەکی میدیای نیشتمانی کە حکومەت خاوەنداریەتی بکات و موڵکی گەل و نیشتمان بێت.

٢-کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی میدیای حزبی و نەهێشتنی خاوەنداریەتی حزبی و کەسی بۆ میدیا.

٣-دیاریکردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی بۆ میدیای خاوەنداریەتی تایبەت و بازرگانی.